# مێژووی هۆزی گەڵباخی

## لەسەرچاوە مێژووییەکانەوە

ئامادەکردنی

نەوزادی موهەندیس

چاپی یەکەم

سلێمانی - ٢٠١٢

**مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە تەنها بۆ نووسەر**

## پێناسی کتێب:

**ناوی کتێب:** مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە
**ئامادەکردنی:** نەوزادی موهەندیس
**تایپ و هەڵەچن:** نەوزادی موهەندیس
**نەخشەساز :** زەردەشت علی سۆرانی
**شوێنی چاپ:** چاپخانەی / سلێمانی
**نۆبەتی چاپ:** چاپی یەکەم/ ٢٠١٢
**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

**لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە**

# ناوەڕۆك

=========


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەشە | ٤ |
| سوپاس بۆ | ٥ |
| پێشەکی | ٦ |
| سەرچاوەی یەکەم | ١٢ |
| سەرچاوەی دووەم | ١٣ |
| سەرچاوەی سێیەم | ٢٣ |
| سەرچاوەی چوارەم | ٢٣ |
| سەرچاوەی پێنجەم | ٢٤ |
| سەرچاوەی شەشەم | ٢٥ |
| سەرچاوەی حەوتەم | ٢٦ |
| سەرچاوەی هەشتەم | ٢٨ |
| سەرچاوەی نۆیەم | ٥٤ |
| سەرچاوەی دەیەم | ٥٧ |
| سەرچاوەی یانزەیەم | ٧١ |
| سەرچاوەی دوانزەیەم | ٨٢ |
| سەرچاوەی سیانزەیەم | ٨٣ |
| سەرچاوەکان | ٩٦ |

## پێشکەشە :-

- بە گیانی پاکی شەهیدە سەرکردە و پیاوە هەڵکەوتوەکانی گەڵباخیان کە لەپێناوی سەربەخۆیی و پارێزگاری لەمافەکان و ناوچەکانی گەڵباخیان بەدەستی داگیرکەرانی کوردستان لە سێدارە دراون.

- بە گیانی پاکی هەموو ئەو پیاو و ژن و منداڵە بێتاوانانەی گەڵباخیان کە بەر هەڵمەتی ئەنفالکردن کەوتن لەساڵی ١٩٣٦دا و زیندانی و بێسەروشوێنکران لەسەر دەستی حوکمڕانانی دەوڵەتی ئێرانی ئەوکاتە.

- هەموو خەمخۆران و دڵسۆزانی نەوەکانی گەڵباخی کە تێدەکۆشن بۆ کۆکردنەوەی گەڵباخیان و ناسینەوەی یەکتری و نوسینەوەی مێژووە پڕ لە سەروەریەکەیان.

## سوپاس بۆ:-

هەموو ئەو کەس و دۆست و خزمانەی کە هاوکاریان کردم بۆ دەستخستنی ئەو سەرچاوە مێژوویانە و بەدڵێکی زۆر پاك و بەهیمەتێکی کوردانەوە هانیاندام بۆ کۆکردنەوە و نوسینەوەی ئەم مێژوووە پڕسەروەریەی هۆزەکەم (( هۆزی گەڵباخی)) لە پێش هەموانیشیانەوە برای خۆشەویستم کاك (( صدیق صاڵح )) لە بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردی کە لە کتێبخانەکەی خۆی و مامۆستا (( ڕەفیق صاڵحی )) برای گەلێك لەو سەرچاوانەی بۆ پەیداکردم بەهەمان شێوە (( کاکە حەمەی مەکتەبە)) لە کتێبخانەی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی. لەیەزدان داواکارم کە هەر تەمەن درێژبن بۆ خزمەتی کوردو کوردستان و خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە.

# پێشەکی

ئاشکرایە مێژووی هەموو گەل و نەتەوەیەك بریتیە لە مێژووی هەموو چین و توێژو هۆز و تیرە و پێکاهاتە جیاوازە ئاینی و مەزهەبی و ئیتنیەکانی ئەو گەل و نەتەوەیە. کۆی مێژووی هەموانیشیان بریتیە لە مێژووی گەل و نەتەوەکەیان.. بەهەمان شێوەش مێژووی نەتەوەی کوردیش پێکهاتوە لە مێژووی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری. جا مێژوەکەی ڕەش و تاریك بێت یان ڕۆشن و گەشاوە بێت. ئاشکراشە مێژووی کورد بەداخەوە زۆرینەی لاپەڕەکانی ڕەش و تاریك و نوتەکن, ئەوەش گەلێك هۆکاری خۆیی و بابەتی لە پشتەوەیە کە لێرەدا جێگەی باسکردنی نیە. بەلاَم هەر هێندە دەڵێین کە کورد بۆ خۆشی پشکێکی گەورەی بەردەکەوێت لە نوسینەوەی و تۆمارکردنی ئەو مێژووە ڕەشەیدا, لەپاڵ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردو کوردستاندا.نەخۆشیە کوشندەکانی کورد کە زۆر موزمین و درێژخایەنن و بونەتە شێوە کەلتورێکی کورد و هۆکاری سەرەکیش بوون لە ڕەگ دانەکوتانی نەتەوە و پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ و یەك و یەکگرتوویی خاك و نەتەوەی کورد لەسەر زەوی باوباپیرانمان کە کوردستانی گەورەیە. بەداخەوە هەمیشە کورد بۆتە گیانفیدای دوژمنان و پێشقەوڵ و داردەستی دوژمنان و داگیر کەرانی کوردستان و هێندەی کورد لەمێژووی کۆن و نوێشیدا بەدەستی کورد قات و قڕ کراوە نیو

هێندە بەدەستی دوژمنانی نەکراوە. ئەو نەخۆشیە کوشندانەش بریتین لە  نەزانین و نەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشی و دواکەوتویی و ناهۆشیاری و خۆخۆری و براکوژی و هەڵنەکەوتنی سەرکردەیەکی کاریزمای بەهێزی وەها کە هەموو کوردان کۆبکاتەوە و پێشەوایەتیان بکات.

مێژووی کورد وەك گوتمان لە کۆکراوەی مێژووی هۆز و تیرە جیاوازەکانی کورد پێك هاتوە کە بەداخیشەوە ئەوانیش هێندەی سەرقاڵی کوشت و کوشتاری یەکتری بوون نیو هێندە سەرقاڵی یەك و یەکگرتوی و گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان نەبوون. هەربۆیەش کورد و کوردستانیش بە دابەش و داگیرکراوی ماوەتەوە تائێستا.

کۆمەڵگەی کوردەواریش وەك هەموو کۆمەڵگەکانی دەوروپشتی خۆی لە تورك و فارس و عەرەب  بریتی بووە لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و هەر خێڵەش ئینتیمای بۆ سەرۆك و خێڵ و ناوچەکەی خۆی  لا پیرۆزتر بوە وەك ئینتیما بۆ گەل و نەتەوە و کوردستان.

بەداخەوە هێندەی ئەو هۆزو تیرانەی کوردستان بە شەڕ و دوژمنایەتی ناوخۆییانەوە سەرقاڵ بوون و نەیانتوانیوە بەشداریەکی کارا بکەن لە بوژاندنەوە و گەشانەوەی بیرو هەستی کوردایەتی و هەر ئەمەش خاڵی لاوازی کۆمەڵگەی کوردەواریە تائێستاش. بەلاَم لە هەندێ وێسگە و قۆناغی مێژوویی و هەڵکەوتەی هەل و بواری لەبار بۆیان توانیویانە کە لێرەو لەوێ

ئیدارەیەك یان میرایەتیەك پێكەوە بنێن و بتوانن كوردو كوردستان لەو ناوچانەدا یەكبخەن و جۆرە ئیدارە و دەسەڵاتێك بچەسپێنن و بیكەنە نمونە بۆ ئەزمونی حوكمڕانی كوردی و لەو قۆناغانەدا سەلماندویانە كە كوردیش هاوتای دراوسێكانی لەتوانایدایە كە حوكمڕانی خۆی بكات و بەشداری كاراش بكات لە ئاشتی و ئارامی و پێشكەوتنەكانی ناوچەكەشدا. لەوانەش میرایەتی ئەردەڵان و سۆران و بابان و بادینان و .....هتد.كە جێگەی ئومێد و دڵخۆشكەری و وێسگەیەكی ڕۆشن و بریقەداران لە مێژووە ڕەش و تاریكەكەی كوردەواریدا ..

لێرەدا بەندە گەرەكێتی كە تیشكێكی كەم بخەمە سەر مێژوو و بەشداری و ڕۆڵی هۆزی گەڵباخی لە مێژووی كورددا وەك ئەوەی هاتوە و نوسراوە لە سەرچاوە مێژوویەكاندا..بەهیوای ئەوەی كە مێژوو و ڕابوردووی هۆزی گەڵباخی هەرچەند كەم و كورتیش بێت بخەینە بەردەم خوێنەر و نوسەر و ڕۆشنبیران و تاك بەتاكی كۆمەڵگەی كوردەواری و بۆئەوەی لە لایەك ئەو مێژووە پڕ سەروەریانە لەناو نەچێت و لەبیریش نەكرێت و لەلایەكی تریشەوە نەوەی داهاتوش سوود و پەندی پێویستی لێوەربگرن و بۆ ڕۆڵەكانی گەڵباخیانیش ببێتە مایەی شانازی و متمانە بەخۆكردن و بەشداری كردن لە خزمەتكردنی كوردو كوردایەتیدا و هەر دەسەڵاتێكی كوردی لەهەر بەشێكی كوردستاندا بێت و درێژەش بدەنە ئەو ڕۆڵ و كاریگەری و مێژووە پڕشانازیانەی

باوباپیرانیان کە وەستانەوەیان بوە لە دژی هەر زوڵم و زۆرێکی حکومەتە ناوەندیەکانی کوردستان و هەڵشاخانیان بوە بەڕووی داگیر و دابەشکرانی کوردستاندا..

بەهیوای ئەوەی توانیبێتم دڵۆپێك لە مێژووی پڕ سەروەری گەڵباخیان بخەمە بەردەستی ڕۆڵەکان و نەوەکانی گەڵباخیان و خوێنەوارانی کوردیش. داواکاریشم لەکەموکورتی و سەرپێی باسەکەشم ببورن چونکە هەر هێندە سەرچاوەم دەسکەوتوە,کە بە دڵنیایی زیاتر لەم ژمارە سەرچاوە مێژووییانە باسیان لە مێژووی گەڵباخی کردوە بە تایبەتیش بە زمانی فارسی چونکە هۆزی گەڵباخی بەشی هەرە زۆریان دەکەونە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە و هەر لەبەر ئەمەش زۆرترین پیاهەڵشاخان و ڕاپەڕین و ناڕەزاییەکانی گەڵباخیان لەو بەشەی کوردستاندا بوە دژی دەوڵەتی ناوەندی ئێران و دەسەڵاتدارانی یەك لەدوایەکی حکومەتی شاهەنشاهی ئێرانی. لە ئەنجامی ئەم ململانێ و ملنەدانەی گەڵباخیانەوە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی بۆتە هۆی ئەنفالکردنیان و کۆچپێکردنی زۆرەملێیان و پەرتەوازە و ئاوارەبوونیان و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانیان و زیندانیکردن و بێسەروشێوێنکردنیان و لەناوچوونی مێژوو و ڕابوردوشیان.

هەربەهۆی ئەم بارە نالەبار و دژوارەی ژیان و گوزەرانیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەشێك لەو گەڵباخیانە پێش زیاتر لە ١٠٠ ساڵ و بەچەند قۆناغێك لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و

داگیرکردنی ئێران لەلایەن ڕوسیا و ئینگلیز بۆ ئێران و دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ دا کە کۆتایی بە فەرمانڕەوایی بنەماڵەی قاجاریان هات لە ئێراندا و دواتریش لە ساڵی ١٩٣٦دا لە سەردەمی فەرمانڕەوای ڕەزا شای ئێرانی پەهلەویدا ڕوویان کردۆتە کوردستانی باشوور و لێرەش هەریەکە لە ناوچەیەك و لەناو تیرەو هۆزێکدا گیرساونەتەوە و پارێزگاریان لە ناو و ناوبانگ و هۆزی گەڵباخی کردووە و سەربەرزانە و مەردانە ژیاون , ئەو هۆزانەی کە پاڵپشت و یارمەتی و کۆمەکیان بە گەڵباخیان کردوە لە تەنگانەدا و لەکاتی ئاسایشدا کە لەگەڵیاندا ژیاون گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن کە گەڵباخیان خەڵکانێکی ئازا و نەبەرد و چاونەترس و هەمیشە کەڵ ژیاون و بۆ پیاوەتی و سەخاوەت و دەستی هاوکاری و یارمەتی لێقەوماوان و تیرە و هۆزەکانیش هەمیشە قوربانیدەر و گیان بەخش بوونە.

لە ئێستادا و لەم بەشەی کوردستانی ئازادکراودا و بەهەوڵی نەوەکان و دڵسۆزانی گەڵباخیان و بەمەبەستی کۆکردنەوە و ناسینەوە و تۆخکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان و نوسینەوەی مێژوو و کارەسات و سەروەریەکانی گەڵباخیان, ناوەندی هاوکاری گەڵباخی دامەزراوە و یەکەم کۆنگرەی خۆی لەشاری سلێمانی و لە هۆڵی تەوار لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١٤ سازداوە و بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢٥٩ لە بەرواری ٢٠١٢/١/٢٣ دا

مۆڵەتی ڕەسمی کارکردنی پێدراوە .بەو هیوایەی کە بتوانین ئەو ئەرك و ئامانجانە بەدەستبێنین کە لە پێناویدا ئەم ناوەندەمان دامەزراندوە.

لەکۆتاییدا داوای لێبوردن لە کەموکوڕیەکان دەکەم و هیوادارم لە ئایندەدا هاوکاریم بکەن لە بەدەستخستنی سەرچاوەی زیاتر بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەم مەڵۆ بچوکەی بەشێکی مێژووی گەڵباخیان بۆ ئەوەی بیکەینە خەرمانێکی بە بەرەکەت لە مێژووە گەورەکەی کوردەواریدا.خوازیارم بە ئامادەکردنی ئەم تۆمارەی گەڵباخیان توانیبێتم کارێکی هەرچەند بچوکیش بێت کردبێتم لە دەرخستنی مێژووی هۆزێکی کوردەواری و بەمەش سوودێك بگەیەنم بە خوێندکاران و مێژوونوسان بۆ ئەوەی سوود لەم مەڵۆ بچوکە وەربگرن لە خوێندن و لێکۆڵینەوەکانیاندا و لەلایەکی تریشەوە کەلێنێکی بچوکی کتێبخانەی کوردەواریم پڕکردبێتەوە.بۆ ئاگاداری خوێنەران ڕێکخستنی سەرچاوەکانم بەپێی ساڵی چاپکردنیان ڕێکخستوە لە کۆنەوە بۆ نوێ.

لەگەڵ ڕێزی..........

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**

**٢٠١٢/٤/١٨**

Nawzad_mohandis@yahoo.com

**سەرچاوەی یەکەم : عشائر العراق/٢ الكردية/ المحامى عباس العزاوى/ مطبعة المعارف/ بغداد/ عراق/ ١٩٤٧**

**صفحة/ ٧٦**

**ويواطن الجاف فى ايران:**

١. قبائل السنجاوية( سنجابية)
٢. الكورانيين: وفروعهم:
١. تفنكجى
٢. قلخانى

ويجاورهم:

١. كلهر
٢. كلواخى
٣. منمى
٤. هاورامان
٥. بلبلس
٦. لك
٧. لر
٨. وغيرها

ومن هذة قبائل عاشت معهم,وصارت تعد منهم...

*    *    *

*    *

*

**سەرچاوەی دووەم** : شەرەفنامە / شەرەفخانی بەدلیسی/ وەرگێڕانی بۆ کوردی هەژار/ چاپخانەی نعمان, نەجەفی پیرۆزو لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە چاپدراوە/ بەغداد / عێراق/ ١٩٧٢

(( فەرمانڕەوایانی ( گلباغی ) (١) ؟))

**گوڵ چینانی ناوباغانی بە پەرژینی کوت کراوی ڕێکخراوی بەسەرهاتان وڕوداوان کە ڕۆژی خۆی باغەوانی**

---

(١) لەپێشەکی شەرەفنامەدا کە سیایی سەربەندەکان نوسراوە, دەڵێ : بەشی دووەم لە ڕوپەڕی سێهەم بەدوازدە بەند کۆتا دەبێ. بەندی یازدە بەر ( بانە ) کەوتوە.( تەرزا ) کە دەبو دوازدەهەم بێ لادراوە,تەنانەت ڕستی : ( بەندی دوازدەهەم) یش نەنوسراوە. مامۆستا عەلی عەونی لەپاش بەندی یازدە کە باسی بانەیە دیسان هەر نوسیویە: بەندی یازدەهەم: گەڵباغی !!, لەداوێنی ڕوپەڕی ٤١٦/چاپەکەی میصردا نوسیویە: ﴿ ئەم بەندەم لەناوەڕۆکی نوسخە جیاوازەکانەوە وەرگرت کە لە کۆتایی چاپ کراوەکەی زێرنوف دایە,دیارەهین شەرەفخانیش نیە چونکە نەیخستۆتە ناو فهرستەکەوە.—ع— ﴾

ئەوی سەرنجی ڕاکێشام: ناڕێکی و ناکۆکی و شەو ڕستەکان بو کە دەگەڵ فارسیەکەی شەڕەفخاندا عاسمان و ڕێسمان بون.دەردەکەوێ کابرایەکی فارسی نەزان نوسیویە و ئاخنیویەتە ناو بەرگە شەڕەفنامەیەکەوە.جگە لەوە کەسەروگوێی فارسیەکەی تێك کردۆتەوە و زۆر ڕستەشی هەر مانانادەن لەباسی حوسێن بەگ ناوێکدا کە کەوتۆتە ڕوپەڕ ٤٢٣/ چاپەکەی میصرەوە دەڵێ: ئێستا کە ساڵی : ( ١٠٩٢ ) ە ؟ لای هەڵۆخانی ئەردەڵانە. =

پیرەمامیان نونەمامیان لێ ناشتووە و بە سەلیقە بە تاماوی لیقەی دەواتیان داشتوە. دەڵێن: میرانی گەڵباخی یەکەم سەرناسیان هەباسە و باسەکەش وادەست پێدەکات: هەباساغا ناو لەگەورەکانی خێڵی ئیستاجلوەو لە هۆزی خۆی بەهۆی ڕوداوێك ئاوارە بوەو لای بێگەبەگی میری ئەردەڵان گیرساوەتەوە و پەنای دراوە. زۆر زوو توانیویە خۆ خۆشەویستکا:پیاوێکی ئازا و زیت و ژێهاتی و زۆر دەسکەرەوە و چاونەترساو و شیرین ئاکار و خزمەتگوزار و مەردانە بوە. بێگە بەگ زۆری پەسەندکردوە و کیژی ئەلیاس ئاغای ڕەنگەڕێژانی بۆ خواستوە و کانی و

---

= مامۆستا ڕۆژبەیانی ئەوەکەی عەلی عەونی وەرگێڕاوە. بەڵام کە زانیویە هەڵۆخان هاوچەرخی شەرەفخانە تاریخەکەی کردۆتە( ١٠٠٢) ! لەمەش وردنەبۆتەوە کە هەمو( ئێستا) کانی شەرەفخان بۆ ساڵی هەزار وپێنجە کە کتێبەکەی تێدا نوسیوە.

جا–من ئەم بەندە بە نوسراوی شەرەفخان نازانم و ناشمەوێ لەناوبچێ. وەك پەڕاوێزێك یان سەرباریێك ڕەگەڵم خست و خوا خێری نوسەری بنوسێ– هەژار –

ئەوی شایەنی باسە: کیژی هێژاو کوردناسی سۆڤیاتی.ژ .ڤاسیلیڤا. کە شەرەفنامەی کردۆتە ڕوسی لەسەر ئەم باسە ڕەخنەی لە مامۆستا عەونی گرتوە و لە ڕوپەڕ ١٥/ پێشەکیەکەی خۆیدا دەڵێ : (( ئەو نوسینە هیچ لە کردەی شەرەفخان ناکاو هەڵەی ڕێزمانیشی زۆر تێدایە ))د.ك.مظهر.

بەرکانیەکی لە مەریوانێ بەخەلاًت داوەتێ و دایمەزراندە. هەباس ئاغا لە زەویەکەیدا باغی ناشتوە و زۆریش پیاوێکی دلاًوابوە ڕێبوار و ناسیار کێ ڕابردبا.. بەزمانی ترکی کە زمانی خۆی بو بانگی لێ دەکرد: کاکە( گێل باغە) واتا: ( وەرە باغ ) کوردی ئەو ناوە زمانی ترکیان زۆر پێ سەیر بوە هەر لەبەر ئەوەش ناویان لێناوە: ( عەبباساغای گەڵباغی ) ( ١)

پوختەی مەبەست: ئەم کابرایە لای بێگە بەگی شارەزور کە لە قەلاًی زەڵم دادەنیشت و خاوەنی دوازدەهەزار سواری یەدەك دار بو دامەزراو لەسایەی ئازایەتی و بەکاری خۆیەوە زۆری خۆ ڕەپێش خست و زۆری چاکە دەربارکراو پلەی مۆرداری میری پێدرا.ئەوسا ناردی لەناو هۆزەکەی خۆیدا دوو خوشکی هەبون هێنانیە جەمخۆو دانی بە خزمە ڕەنگە ڕێژیەکانی و چەند لاوێکیان لێ کەوتەوە و پتر لە پێشو ڕەگی داکوتا.

نەیاران و بەدکاران کە ئێرەییان پێ دەبرد دوزمانی یان لەلای بێگە بەگ کرد کە هەباساغا نیازی وایە بتفەوتێنێ.هەباس کە بەو کەین و بەینەی زانی ڕۆژێك بەنوێژی نیوەڕۆ خۆی و یاراللە غای

---

( ١) ئەمین زەکی دەڵێ《 شارۆکەی سەرچاوەی لەمەریوان دراوەتێ و ( عەبباس ئاغای گەڵباغی ) دامەزرێنەری ئەو میرنشینەیە》. من لام وایە ناوی باوکی : گولاًویاغا –گولاًبیاغا بوە.بۆیە بونە گەڵباغی –ج–.

دەشکرێ لە باغەکەیدا گوڵەباغی باشی بوبێ یان باغەکەی لەناو گەڵیەکدا بوبێ .– ھ–

خوارزای کە لەهۆزی ڕەنگەڕێژی بو پیلی ماڵ و منداڵیان گرت و لەشاری زەڵم دەرکەوتن.

خەبەریان بە بێگە بەگدا کە هەباساغا و یار الله غای ڕەنگەڕێژی وان ڕادەکەن.بێگەبەگ کە باش دەیزانی ئەو جوتە چەند ئازاو دێون کەسی نەناردە بەرایی وازی لێهێنان.ئەودوە هاتنە بیلاوەر ونیشتەجێ بون.وردەوردە دەگەڵ هۆزو تیرەکانی: لەك و مادکی و سولەیمانی و کەڵهوڕدا دۆستایەتیان داخست و خزمایەتیان دەگەڵ کردن.

لەو کاتەیدا شاتۆماسب دەچوە سەر وڵاتی ئۆزبەگ و لەکن ( ئۆرکنج ) دابەزیبو.خاڵ و خوارزا چونە لای شا و بۆ ئەو شەڕەی ڕەگەڵ کەوتن و لە میداندا بۆ مەردایەتی دادیانداو لە سوپاگەی سەرکەوتودا ناویان لەسەروی ناوان بو.پادشای ئۆزبەگیان بەدیل گرت و دەگەڵ چەند دیلێکی تردا هێنایانە بەر سێبەری تەختی خەلیفایەتیەوە و شا زۆری ئافەریم دانیٚ و بە پاداش سەربەرزیکردن و فەرمانی فەرمانڕەوایی ( بیلاوەر) و دوازدە ( ئۆیماق ؟) ی بۆ نوسین.

چەند ساڵێك مەزنایەتی بیلاوەر و ئەو ئۆیماقانەیان کرد و خەڵکێکی زۆر لە هۆزەکانی سولەیمانی و مادکی و کەڵهوڕ و ( ورمزیار ) هاتنە لایان و تێکڕایان بەناوی هۆزی گەڵباغی ناودێر بون.چەند جارێك لەناو ئەوان و محمەد بەگی گۆراندا چەند شەڕ و هەرایەك ڕویدا.لە ئەنجامدا ئاشتبونەوە و محمد بەگ کیژی خۆی

دا بە محمد قوڵی کوڕی یارولاًغا و بونە خزم .شەختەی مەرگ پارێزێکی بردە باغی ژینی هەباسی گەڵباغی و بەرگ و باری لێ هەڵوەراند.

شیعر:

جیهان چون جامە,مەی ئاکامە,دەوران
لەپەستا تێدەکا بۆچوك و گەوران
بەخۆشی خۆت نیە و نۆشین بەزۆرە
دەبێ وەیخۆی سەریشت بەریە هەوران

یاراللە غا کە لە ڕۆژگاری هەباساغادا هۆز و ناوچەکانی سەر پەرشتی دەکرد لە پاش مردنی خاڵی هەمو کاروباری مەزنایەتیەکەی دایە دەست عەلیاغای خالۆزای و گۆیا بەهانەی دەست لەکارکێشانەوەی ئەوەبوە:گوتویە من خێزان بارم و پڕکارم و قەرزدارم و هەرهێندەم بۆ دەکرێ بەکاروباری خۆم ڕابگەم و ناپەرژێمە دنیاداری.ئەو ئەرکەی بەتۆ دەسپێرم و خۆم لە گیر ودار دەبوێرم,چاوەدێریشت لێدەکەم .یاراللە زۆر دەوڵەمەند و ئاژەڵدارێکی قورس بوە.دەڵێن لە ناو ڕەوەی ئەودا سێصەد ئێستری تۆڕی هەبوە.
لەپاش دامەزراندنی عەلیش دیاری و پێشەکیەکی زۆری بەنامەوە بۆ بێگە بەگ بەڕێ کردو باسی مەرگی عەباساغای پێ ڕاگەیاندو

ئەوەشی وەبیرهێناوە کە هەروەکو هەباساغا پلەی مۆرداری تۆی هەبوە کوڕیشی هەر بەندەی تۆیە و پێمخۆشە سەرفرازی کەی و ئەگەر لەژێر سایەی تۆبیٚ بۆمە جێگەی شانازی یە.بێگە بەگ تکای یار الله غای گرت و ناوی میرێك لە میرانی بەردەستی خۆی لە عەلیاغای گەڵباغی ناو پێداویستی میرایەتیش هەرچی پێویستە پێی بەخشی, عەلی بەگ بە ئارخەیانی لە مەڵبەندی ژێر دەستیدا فەرمانڕەوایی خۆی دەکرد.

لەوەختێکدا کە سەنان پاشا لەشکری بەرەو نەهاوەندیٚ هێنا و ناوچەکانی دەورەبەری داگیرکردن.عەلی بەگی گەڵباغی کە عالی گەڵباغیشیان پیٚ دەگوت هاتە بەر فەرمانی عوسمانی و سەنان پاشا ناردیە سەر کرند و شێخان و نامەشی دەربارە نوسی و یار الله غا نامەی بردە ئەستەمبوڵ و گەیاندیە دەرباری سڵتان و لە دیوانی عوسمانیەوە ناوچەکانی: کرند و شێخان و چکران و قەلأی تفاب و خوڕخوڕە وتیرەزەند و قەڵاتەپە و چەند شوێنێکی تریش بەسنجەق درا بە عەلی و ( ئەرکەلە ) و ( ڕەنگەڕێژان ) و ( سەهبانان ) یش بە تیمار دران بە یار الله غا.

## عەلی گەڵباغی

ڕوداو گێڕەوەی زیت و خۆش ئاخێو و ئەندازەگری ڕاست ودروسپێومێژوی پێشویان هەڵسەنگاندوە و کەچایی و لاریان لیٚ پەڕاندوە و پوختە و پتەویان ڕاگەیاندوەو لەباسی عەلی گەڵباغی دا گوتویانە:پیاوێکی زۆر خاوەن دەست وبەدەست و پێوەند و

دەوڵەمەندبوە,هەمو ساڵ زۆری پێشکەش و دیاری بۆ بێگە بەگی ئەردەڵانی ناردوە و بێگەبەگیش زۆری خاتر گرتوە.مەڕومالات و چادر و چیغی میر و وڵسات و ئاژەڵی خێلاتی گەڵباغی لەپاش خاکەلێوەی بەهاران دەچونە بانەمەڕان و هەواریان لە زۆزانی کرند بو.دەبوایە بەناو زەهاودا تێپەڕن و پایزانیش کە خێڵ بەرەوژێر دەبونەوە ڕێبازیان بەناو پوش و پاراوانی زەهاودا دەهات. فەرمانێکی سوڵتانیان بەدەستەوەبوو کە: هیچ کەس ناتوانێ پوشانە و سەرانە و مەڕانەیان لێ وەرگرێ یان بەرگری یان لێبکا. قوباد بەگی زەهاو کە زۆر زیانباردەبوو ناچار بەرەنگاریان دەبوو,ڕێگەی کوێستانی لێ دەبەستن.هەموو ساڵێ دوجاران پایزان و بەهاران زەهاوی و گەڵباغی لێك وەخۆدەکەوتن و دەبوە هەراو شەڕە پەیاغ.عەلی بەگ بەهاری ژیانی کەوتە بەر پایزی مەرگ و لە خێڵی زیندوان بە جێماو لە گۆڕستان هەڵیدا. دو کوڕی لە پاش بەجێمان:حەیدەر بەگ.کح بەگ.

## حەیدەر بەگ

جێگەی بابی گرتەوە.هەر لەو ساڵەشدا یارا الله غا کە تیماری سەربەخۆی بەدەستەوەبو لە پاش صەدساڵ تەمەن تیماری لێ بوو بە بیماری و بەناچاری دنیای پڕ لە ئازاری وەلانا.سێ کوڕ و پێنجصەد ماڵە بورە پیاگی لە پاش بەجێمان.ناوی کوڕەکانی: محمد قوڵی وئەسەد و شاوەیس بو.

## حەیدەر و محمد قوڵی

که یارا الله غا به شوێن عەلی بەگدا مرد.محمد قوڵی کوڕی یار الله غا خۆی گەیاندە ئەستەمبوڵ و فەرمانی دەرهێنا کە حەیدەر لە جێی عەلی بەگ بێ ومحمد قوڵیش بەسەر بەشی بابی خۆی ڕابگا.سەرە ڕای ئەوەش عوسمانی چونکە محمد قوڵیان بەدەست پاك دەزانی سێ جاران باجانەیان پێدا ناردە ئاستانە وئەرکی خۆی زۆر بە باشی ئەنجام دەدا.

حەیدەر بەگ کوڕێکی هەبو ناوی سورخاب بەگ بو.دو خاڵی ئەو سورخابە کە یەکیان ناوی محب الدین بو لەوەختێکدا لەبەر نەگونجاوی خۆیان لە وڵات ئاوارە بوون و لە ئەستەمبوڵ دەژیان.(١) چەند جارێك حەیدەر بەگ ڕایسپارد بو کە محب الدین بگەڕێتەوە بەڵام ئەو سوێندی خوارد بو کە هەرگیز نایەتەوە.جارێکی تر سورخابی خوارزای زۆری ڕو لێناو محب الدین دڵی نەشکاند و هاتەوەو لە تۆڵەی تۆبە شکاندنەکەشیدا سێ ڕۆژان بە ڕۆژو بو.کاتێ ئەم خەبەرە بە حەیدەر بەگ گەیشت سورخابی بانگ کردو گوتی:

---

(١) ئەم باسی حەیدەر و محمد قوڵیە تاسوێندشکاندنەکە لە ڕوپەڕی ٤٢١/فارسیەکەی چاپی قاهیرەدایە و زۆر پچڕپچڕ و پەرت و پەرێشان و تێکچڕژاوە هەر ئەوەندەم لێهەڵکڕاند.–ه –

ئەو ناڕاستە سوێندی خۆی بەهیچ نەگرتوە.گەرەکە هەر ئێستە بچی و بیکوژی.سورخاب سوار بو بە پیر خاڵیەوە چو.

لەنیوەی ڕێ توشی بو، تیرێکی ژەهراوی لە سینگی دا لە مۆرەغەی پشتیەوە سەری کردو خاڵی خەڵتانی خوێن کردو پەلەقاژەی لێ بڕی.ئێستاش ئەو جێیە لەناو گەڵباغیاندا (( موحیب کوژ ))ی پێ دەڵێن.لەپاش کوژرانی ئەو دوژمنایەتی زۆر سەخت کەوتە نێوان خزم و تیرەی هەردولاوە.حەیدەر بەگ و سورخاب بەگ(٢) لەشکریان لە عێلی کح بەگ کرد و سورخاب هەر بەدەستی خۆی حەوت کەسی لە خاڵوانی خۆی کوشت. لە ئەنجامدا هێندێك تفەنگچی عێلەکە هەردوکیان بە گوللە کوشتن و هاتیشن خێڵی حەیدەر بەگیان صاف لە صاف تاڵان کرد.

---

(٢) لە فارسیەکەدا سغاب نوسراوە کە دیاریشە سورخابە.

لەپاش ئەوان.حوسێن بەگ (١) بەشی حەیدەر بەگی لە دیوانی سوڵتانەوە بە سنجەقی بۆ خۆی ئەستاند و دەگەڵ مرادخانی برایدا دوبەدو بەسەری ڕادەگەیشتن. حوسێن بەگ( بەگم ) ی کیژی عێل بەگی کەڵهوڕی ژن بو. ژنە وەك لەناو کەڵهوڕاندا باوە هەرخۆی هەمە کارە بو حوسێن بەگی مێردی هەڵپەساردبو.چەند کەسێکی ڕاسپارد مرادخانیان بۆ کوشت.کوڕانی مرادخان کە حوسێن بەگ و سوبحان وێردی بون بەڕابەری خزمانیان خۆیان گەیاندە بەغدایە و لەلای بەگلەربەگی شکاتیان کرد.ئەویش فەرمانی بۆ قوباد بەگی درنە نارد کە خوێنی بابیان بۆ بسێنێ. قوباد هەلی بەدەرفەت زانی و دەشەوێکدا نەخافڵ بەسەر حوسێن بەگی دادا و حوسێن بەگ و دەستە و بەستەی ڕایان کرد و لە سیروان چون بەو بەرەوەو پەنایان بە هەڵۆخانی ئەردەڵان بردو ئێستاش کە ساڵی ( ١٠٩٢ )ه (٢) هەر لەلای فەرمانڕەوای ئەردەڵانن– خوادەیزانێ – .(٣)

---

(١) هیچ دەرناکەوێ ئەو حوسین بەگە چەکەس بوە؟!

(٢) ئاوا نوسراوە وەك لەمەوبەریش گوتمان ڕۆژبەیانی دەسکاری کردوە و کردویەتیە (١٠٠٢).لام وایە هیچیان خۆی نیە.بڕوانە پەڕاوێزی سەربەندەکە.– ه –

(٣) ئەمین زەکی دەڵێ : (( هۆزی گەڵباخی سێ هەزار و پێنجصەد ماڵێك دەبن و لە ( بان هۆبەتو) و ( ساراڵ) و( قەرەدەوار) نیشتەجێن کەسەر بە ئەستانی سنەن –ج –.

**سەرچاوەی سێیەم** : العشائر الكردية/ ترجمة وعلق عليه / فؤاد حمة خورشيد/ مطبعة الحوادث/ بغداد / العراق/ ١٩٧٩

والجدير ذكره هنا هو ان منطقة شهرزور كانت,قبل نزوح ظاهر بك و جماعته من الجاف المرادى اليها, موطنا لعدة عشائر منها: جلالى,شيخ اسماعيل , بيسةرى , جوجانى , قوبلاى , اسماعيل عزيرى , شينكى , كافرؤشى , بلباس , كلهور, تيلةكو, كه لباخى,و مةنمى ..الا انه نتيجة للحرب التى شنها قادر بك ضد هؤلاء الشهرزوريين فقد تشتت شملهم,وخضع الجلالى منهم لاسرة الجاف الحاكمة,وبتتابع السنين صار المرادى او البكزادة اصحاب الطابؤ فى شهرزور بحكم حق الفتح والهبة وعن طريق الشراء,وتوارثوا حكم العشيرة.

*　　*　　*

*　　*

*

**سەرچاوەی چوارەم** : فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە/ هەژار/ بەرگی یەکەم/چاپخانەی سروش/ تەهران /ئێران/ ١٩٩١

لاپەڕە ٧٣٣ پیتی // گ

گەڵواخی: ناوی ناوچە و عەشیرەتێکە

*　　*　　*

*　　*

*

**سەرچاوەی پێنجەم** : مێژووی کوردو کوردستان / نوسینی بە فارسی شیخ محمەدی مەردۆخی کوردستان/ وەرگێڕانی بۆ کوردی/ عەبدول کەریم محمەد سەعید/ چاپخانەی اسعد/ بغداد / عراق/ ١٩٩١

## لاپەڕەی ١٦٥

گەڵباخی – نزیکەی ( ٢٠٠٠) خێزانێك ئەبن لە ( هۆباتۆ) ( سارالْ) و ( تەوەرە) لەسەردەمی شا ( تەهماسب) دا لە شیرازەوە بۆ ناوچەی سنە کۆچیان کردوە جارێکی تر لەسەردەمی ڕەزا شای پەهلەویدا لە ناوچەی ( سنە) ش گوێزراونەتەوە بۆ ( هەمەدان و سیادەوەن و تاران) بەهۆی ڕاپەڕینی گەڵباخیەکانەوە لەو ناوچەیەدا . ئەمانەش هەشت تیرەن ( قەمەری ,گاملی, کاك سەوەندی, مرادگۆرانی, چۆخەڕەشی, پێتوەسەری, هەمزەیی,کوڵکنی ).

*　　*　　*

*　　*

*

**سەرچاوەی شەشەم : كرد وترك وعرب/ سی.جی.ادموندز/ المترجم/ جرجيس فتح الله/ مطبعة وزارة التربية/كردستان/ الطبعة الثانية/ اربيل/ ١٩٩٩**
**صفحة ١٣٠ و١٣١و١٣٢و١٨٦**

**كان ( شهرزور) قبل مجيىء ( ظاهر بك ) موطنا لبضع عشرة قبيلة ذكرنا معظمها سالفا,او سنذكرها فيما يتلو. ومنها ( جلالى , وشيخ اسماعيلى,و بيسةرى , و جوجانى, و قويلاى ,واسماعيل عوزيرى , وشينكى,و كافرۆشى,وبلباس, وكلهور وتيله كو و كەلباخى ,ومه ندمى ( ويقرا مةنمى) . والمزعوم ان القبائل الاربع الاولى من الجاف قدموا من هجرة تسبق الهجرة الثانية بخمسين عاما. ان بطون القبائل التى امتهنت الرعى منها اعتادت قضاء الشتاء فى جنوب قرةداغ.ب ( سةنكاو , وكل) وقضاء الصيف فى المنطقة الجبلية الايرانية الكائنة بين ( سنة ) و ( سةقز ).**

**كذلك فر ( الكةلباخى ) و ال ( مةنمى) الى اقليم ( سنة —سةقز).**

**ان معظم قرويى النواحى هم من الفلاحين ( كۆران) مع بقايا سكان شهرزور الاوائل الذين طردهم الجاف الغزاة فى القرن الثامن عشر.**(٤)

---

٤- وهم ( شيخ اسماعيلى.ماندومى, كلباغى ,شينكى)

**سەرچاوەی حەوتەم:** خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان/ محمد امین زەکی/ بەرگی یەکەم ١٩٣١ و بەرگی دووەم ١٩٣٧/ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ سلێمانی / کوردستان / ١٩٩٩ فەصڵی هەشتەم لاپەڕەی ٢٥٤ و٢٦٥

## ٢٦- ئەمارەتی گەلباخی:

لە تەڕەف ( عباس اغا) ی ئوستاجلوەوە , دامەزراوە , دامەزراوە . ئەوەلەن لە مەریواندا سەرچاوەیەکی لە ( پیکە بەگ )ی حوکمداری ئەردەلاّن سەند وە لەدوای بەینێك ( بیلەوەر) یشی لە عەشایەری ( کلهر )داگیر کرد و بەعزیّ عەشایری لە دەوری خۆی کۆکردەوە . شاه تەهماسب , ئەمارەتی ( بیلەوەر) ی تەصدیق کرد .

ئەم ئەمارەتە, لە پاشدا, تابیعیەتی عوسمانیی قبولّ کرد. وە حکومەتی تورك , کرند,شیخان ,چاکاران ,خورخورا, زند,....الخ. وەچەند جێگەیەکی تریشی لە شکڵی سنجاقێکدا,دا بە علی خانی گەڵباخی.( یارا الله خان) یش ئەمارەتەکەی زیاتر گەورە کردوە و حادیساتی تری ئەم ئەمارەتە مەعلوم نیە.

### بەعزیّ مەعلومات دەرحەق بە عەشایری کوردی ئێران

تائێستا دەرحەق بە عەشایری کوردی حکومەتی عوسمانی قەدیم,کەمیّ زۆریّ ,مەعلوماتمان دا. لەم بەحسەشدا تۆزیّ باسی عەشایری کوردی ئێران ئەکەین.

## ١. عەشایری وڵاتی کوردستانی ئێرانی وەیا مەنتیقەی ( سنە) ٣:

| ناوی عەشیرەت | عەدەدی ماڵ | شکڵی ئیجتیماعی | مەوقیع و ئەحوال |
|---|---|---|---|
| کوماسی | ؟ | ساکنە | لە ( کورەوان) دایە |
| جاف | ٤٠٠٠ | گەڕۆکە | لە( جوانڕۆ) دایە, هاوینان ئەچێتە چیای ( چهل حەشیمە) چەند فیرقەیەکی هەیە: قوبادی,یەناخی,کالاشی,وەلەدبەگی ,..الخ. 150ماڵێکیشی لە نزیک ( زەهاو ) و لەناو ( گۆران) دایە. |
| مندمی | ٢٠٠٠ | ساکنە | لەنزیک ( حسین ئاباد) |
| گەڵباخی | ٣٠٠٠ | ساکنە | لە ( هوباتو) و ( ساران) و ( قەرەدەوار)دان. |
| شیخ اسماعیلی | ١٦٠٠ | ساکنە | لە دەوری ( ئسفندئاباد ) ە |
| پیرپیشە | ١٠٠٠ | ساکنە | لە دەوری ( ئسفندئاباد ) ە |
| تامازتوزا | ٣٠٠ | ساکنە | لە ( لەیلاق ) دایە |
| کوراکا | ١٥٠٠ | ساکنە | لە ( لەیلاق ) دایە |
| لالا | ٦٠٠ | ساکنە | لە ( لەیلاق ) دایە |
| مەحمود جوبرەئیلی | ٤٠٠ | ساکنە | لە ( لەیلاق ) دایە |
| بالی وەند | ١٥٠٠ | ساکنە | فیرقەیەکیشی لە قشلاغی ( گاوەرود )ە |
| دراج | ١٢٠٠ | ساکنە | فیرقەیەکیشی لە قشلاغی ( گاوەرود )ە |
| بوراکا | ٤٥٠ | گەڕۆکە | |
| ساکور | ٣٠٠ | گەڕۆکە | |
| لوڕی کلاهکر | ١٧٠٠ | گەڕۆکە | |
| گیوگاشی | ؟ | گەڕۆکە | |
| خەڕات | ؟ | گەڕۆکە | |

---

٣ . ئینسیقلۆپەدیای ئیسلام. جلد ٤,ل ٢٢٦.

**سەرچاوەی هەشتەم** : بیرەوەری بۆ تاریکستان/بابا عەلی ئیسماعیل بەرزنجی/ چاپخانەی بەدرخان/سلێمانی / ٢٠٠١

لاپەرە ٦٦-٩٠

لەو دیدەنیانەدا: بۆیان ڕوون بۆوە کە ناوچەی ( گەڵباخی) لەم دێی ( باوەنەزەر) ەوە نزیکەی حەوت کاتژمێر دورە و لە حوکمڕانی ( ڕەزا شا ) یاخین و وەك ناوچەیەکی سەربەخۆ وان,وا بۆ ساڵێك ئەچێت پەیوەندیان لەگەڵ میری شاهەنشایدا بڕیوە.سەرباز نادەن هەموو چەکدارن و سنوری ناوچەکەی خۆیان پاراستووە.پانتایی ئەوەندەی ناوچەی ( سروچك ) ئەبێ,بەڵام دێهاتی کەمترە.هەرچەندە یەشتا چۆنێتی گوزەران و داب و نەریتی ئەو ناوچەیە لای ( س. باقر) و شێخەکانی تر ڕوون نەبۆتەوە, بەڵام بە بیستنی ئەو هەواڵەی ناوچەی( گەڵباخی ) بوو بە خولیای مێشکی( س.باقر و شێخ سمایل ) و بڕیاریان دا کە کۆبونەوەیەکی نێوان هەر شەش خێزانەکەمان, بکەن بۆ تەگبیرکردن و پەیوەندی کردن بە ( خانەکانی ) گەڵباخیەوە.پاش هەفتەیەك لە نیشتەجێبوون لەو جێیەدا, کە کەوتۆتە ناوچەیەکی دوور لە شارستانی پێشکەوتنی ئەو سەردەمە.ئەبوایە بۆ کڕینی پێویستی ژیان وەك( شەکر و چا و جگەرە و کوتاڵ) بچوونایە بۆ ( بیجار)کە سەد کیلۆمەترێك دوورە لەم دێیەوە.

**( س. باقر و ش. سمایل ) ئاگاداری شێخەکانی تریان کرد کە پێك هاتبوون لە ( ش .محمود و ش. ڕەزا و ش.حسین و ش.سعید) کە کۆبونەوەیەك بکەن لە دەرەوەی دێکە لەناو ئەشکەوتێکی خۆرهەڵاتی دێی ( باوەنەزەر ) کە ڕیزە چیایەکی کەمێك بەرزی لێ بوو. مەبەست لەو کۆبونەوەیە ئەوە بوو ( بۆ ڕزگار بوون لەو ژیانە کوێرەوەریە و خۆگەیاندنە ناو ناوچەی ( گەڵباخی )، پاش عەسرێکی درەنگ بێ ئەوەی دانیشتوانی دێ پێیان بزانن،تەنانەت ئافرەتەکانیش نەیان ئەزانی بۆچی لە دێ دوورکەوتونەتەوە و بە نیازی چی کۆ ئەبنەوە؟ لە ژێر بەردێکی (( تاوێرێکی )) گەورەدا وەك ئەشکەوت وابوو، بەیەك گەیشتن و هەوایەکی پاکیان هەڵمژی، وەك کەوێك لە قەفەز بەر بوبێ بای باڵی خۆیاندا، پاش کەمێك حەوانەوە( س.باقر) ووتی: گەورەکانم ئێوە هەمووتان، جگە لە ش.سەعید لەمن بە تەمەنترن. ڕێگەم بدەن با چەند شتێکتان بۆ ڕوون بکەمەوە،ئەمجارە لە قسەم دەرچن و با دوا جار لە بەندی ئەسارەت ڕزگارمان بێت،گەورەکانم: وەك لەشاری سنە بۆمان دەرکەوت کە ناوچەی ( گەڵباخی ) ساڵێك زیاترە لە دەسەڵاتی شاهەنشای ئێران یاخین و شێوە سەربەخۆییەکیان بۆ خۆیان دابین کردوە و نەسەرباز و باج و خەرجی ئەدەن بە میری ئێران، شێوە ئۆتۆنۆمی یەکیان بۆ خۆیان دابین کردووە، با یەکێکمان بە دزی دانیشتوانی دێی ( باوەنەزەر ) ەوە بچین بۆ ناویان و بەسەرهاتی خۆمانیان بۆ باس بکەین، بەڵکو**

ڕێمان بدەن کۆچ بکەین بۆ ناویان و بە هۆی ئەوانەوە خۆمان )) بگەیەنینەوە سنووری عێراق, هەموو سەرۆك خێزانەکان بڕیاریان لەسەر پێشنیارەکەی ( س.باقر) دا , بەلأم ( ش.محمود) تێبینی هەبوو لەسەری ئەویش فەرمووی (( من سەر لەوە ئەکەمەوە, وابەرەو زستان ئەڕۆین, بێتو ئێمە بچینە ناویان میری شاهەنشایی ئەوە بکاتە بیانوو هێرش بکاتە سەریان,ئێمەیش و ئەوانیش تیا ئەچین و کارەسات ڕوودەدات)).

( س. باقر) وەلأمی دایەوە و ووتی ( کاکە .. واڕەشبین مەبە, بە گەیشتنمان پاڵ بە خێزانەکانەوە ئەنێین و خۆمان لەگەڵیان ئەمێنینەوە تا بزانین یەزدان چی لە چارەمان نوسیوە؟ بڕیار درا بە ( س. باقر و ش.سمایل) نامەیەکی باش و بە سوود بنوسن بۆ سەرکردەکانی ( گەڵباخی ) و ( ش. سەعید و بابا ڕەسول)ی کوڕی ( ش. مەحمود) بیبەن بۆ ناو گەڵباخی( بابا ڕەسول – سورە) کوڕە ناوەنجی ( ش. مەحمود) ی مۆریاس بوو.

تەمەن پانزە ساڵ بوو,کوڕێکی وریا و بە جەرگ و چالاك بوو, کەمێك زمانی ئەیگرت بە تایبەتی کە توڕە ببوایە.جێگای ڕاوێژکاری ( س. باقر و ش.سمایل ) بوو بۆ هەر شوێن بڕۆشتنایە لەگەڵ خۆیان ئەیانبرد. کاتێك گەڕانەوە ماڵەوە, شەو لەبەر (چرا )ی فانۆس,( س. باقر ) و ( ش.سمایل ) نامەیەکی باشیان نوسی بۆ ( سەعید لەشکر ) ی سەرۆکی گشتی خانەکانی گەڵباخی. بەکورتی بەسەرهاتی ئەم خێزانە شێخانەیان تیا تۆمار

کرد و گوزەرانی ناهەمواری ئەم خێزانانە و دوورخستنەوەیان بۆ ئەم شوێنە بەندییە دیسان تیایدائەوەیان نوسیبوو : ئەگەر ئەزانن بەهۆی ئێمەوە تووشی هێرشی سوپای ڕەزا شا ئەبنەوە,وا ئەم ژیانە سەختە هەڵئەبژێرین و نایەینە ناوتان.هەر بە گەیشتنمان خێزانەکان ئەگەیەنینەوە سنوری عێراق , بۆ بەیانی زوو مەلا بانگدان( ش. سەعید و سوورە ) چەند نانێکیان پێچایەوە و کەوتنە ڕێ لە ڕۆژئاوای دێیەکەوە ڕێگایەك بەرەو ناوچەی ( گەڵباخی ) هەبوو,وەك لەوە و پێش لە خەڵکی دێیەکەیان بیستبوو, دووری ئێرە و ناو گەڵباخی نوزیکەی ٦ کاتژمێر دوورە و چەند دێهاتێکی تری دێتە بەر ,تا ئەگاتە سنووری ئەو ناوچەیە,( ش. سەعید) کاتژمێرێکی بەر باخەڵی هەبوو وە ڕێکەوت لە فرۆشتن ڕزگاری ببوو. سەیری ئەکرد پاش ڕۆیشتنێکی ماندوو بوون. بەڕێکەوت ئەو ڕێگایەی گرتبویانە بەر هەڵەی تیا نەبوو, هەرچەندە سێ دێیان هاتە بەردەم و خۆیان لێ لائەدا. پاش ماندوبونێکی زۆر و شەکەت بوون ... لە قەدپاڵێکی دوا ( دێ ) تووشی شوانێکی بە سالاچوو بوون, لێیان پرسی مامە گیان ئەم ڕێگایە ئەمان گەیەنێتە ناو ( دیواندەرە) ئەویش لەوەلامدا ووتی: کوڕەکانم, دیارە ئێوە نەشارەزان و زۆریش ماندووبون, وەرن با بچینەوە ناو دێ وماڵەکەمان لە پەڕی دێیە و نان و چایەك بخۆن و ئەوسا ڕێگاتان پێ نیشان ئەدەم.مەترسن من پیاو خراپ نیم,ئەزانم ئێوە غەریبەن و بەرەو ناوچەی

ڕزگارکراو ئەچن! : ( ش. سەعید) وەڵامی دایەوە .. مامە گیان ئێمە بۆ ( دیواندەرە) ئەچین و نیازی ناوچەی یاخی بوونمان نیە و خۆمان تووش ناکەین.. کەواتە دەدانیشن با جامێ شیری مەڕتان بۆ بدۆشم بەنانەوە بیخۆن. ئەوانیش دائەنیشن و نان و شیرەکە ئەخۆن. وەك پلاوی سەدری وا بوو لایان پاشان مامەی شوانە پێی ووتن.. ئەوەتا ئەو ڕێگایە ئەتانباتە سەر سنووری ( گەڵباخی )) و خواتان لەگەڵ ! ئەمانیش کەوتنەڕەو پاش کاتژمێرێکی تر گەیشتنە سەر کانی و ئاوێك و تۆزێ حەوانەوە, لەسەر یاڵێکەوە چەند چەکدارێکیان دی,بەجلی کوردیەوە,بۆیان دەرکەوت کە ئەوانە پێشمەرگەی (( گلباخی)) ن,بەبەرەو ژوورەی کێوەکەدا سەرکەوتن تا گەیشتنە لای چەکدارەکان و خۆیان پێ ناسین و ووتیان: ئێمە نامەمان پێیە بۆ ( سەرۆك سەعید سەرلەشکر) لە ( س. باقر) ی بەرزنجیەوە.ئێمە لەو خێزانە سەییدانەین کە دەوڵەتی ستەمکاری ڕەزا شا دەست بەسەری کردوین و ئێستا ئەو شەش خێزانە واین لە دێی (( باوەنەزەر)) سەر بە شارۆچکەی (( بیجاڕ)). ئەوانیش بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردن و بردیاننە خانۆچکەیەکی بچووك( سەنگەری )) بەرگری لە هێرشی میری.ووتیان فەرموون بحەوێنەوە.دیارە لە بەیانی زووەوە بەڕێوەن وا عەسرێکی درەنگە, زۆر ماندوون, کەمێك بنوون تا خواردنتان بۆ ئامادە ئەکەین و ئەوسا لە خزمەتتاندا دێین و ئەتانبەین بۆ ( ئەفراسیاو) کە جەنابی سەرۆك ( سەعید

لەشکری ) ی لێیە.ماوەی کاتژمێرێك نووستن و پاشان کە هەڵسان خواردنیان بۆ ئامادەکردبوون نان و چاییان خواردو, پاشان دوو تفەنگچیان لەگەڵ ناردن و کە گەیشتنە دێی ( ئەفراسیاو) ووتیان:ئەم دوو سەیدە لەلای ( س.باقر) ی بەرزنجیەوە هاتوون و نامەیان پێیە بۆ سەرۆك: ئەویش فەرمووی لێکردن و سەرکەوتنە نهۆمی دووەم دیوەخان و نوێژی ئێوارەیان کرد و پاش نان خواردنی ئێوارە فەرموویان لێ کردن بۆ ژووری تایبەتی ( سەرۆك سەعید لەشکر) بە گەرم بەخێرهاتنی کردن و ئەوانیش نامەکەیان دایە دەستی نامەکەی ماچ کرد وئەوسا هەڵیپچڕی وتی: وەختی خۆی ساڵێك لەمەو پێش لە قەڵای مەریوان بەخزمەت ( س.باقر و ش.سمایل) گەیشتووم,کاتێك لای ( سەرهەنگ حسین خان) ی لووڕی بوون.دیسان من لە خزمەت باوکما کە چووینە( ئورمیە – ڕەزاییە)ی ئێستا بۆ لای ( سمایل خان –سمکۆی شوکاك )  کە سەرداری هەموو ناوچەکانی ئۆرمیە و تەورێز و تا سنووری عێراقی لە ژێر دەستا بوو,کاتێك چوبووە دیدەنی سلێمانی بۆ خزمەت( شێخ محمود) باسی سوارچاکی و ئازایەتی ( سەید باقر) ی بۆ باوکم گێڕایەوە.لەوساوە وا ( سمکۆ) بە خیانەتی حوکمڕانی ڕەزاشای پەهلەوی لە سێدارە درا,وا بۆ پێنج ساڵ زیاترە. من ناوبانگی ( سەید باقر)م بیستووە لە ١٩٣٠/٦/٢١ کاتێك نامەکەی خوێندەوە دەستیکرد بە گریان و بۆ ئەو بەسەرهاتانەی ئەم شەش خێزانە,کە لە پێشمەرگە دڵسۆزەکانی ( شێخ محمود )

بوون,پاشان ( سەرۆك ) ووتی: ئاغای سەید ئێوە زۆر ماندوون و دیارە لەبەیانیەوە بەڕێوەن, بفەرموون لە دیوەخان شێو بکەن و ئەوسا بحەوێنەوە.تا بەیانی وەڵامی نامەکەی ئاغای ( س.باقر) ئەدەمەوە.بەڵێ ! ئەو شەو نوستن و لە ماندوویدا ئاگایان لە خۆیان نەبووە.تاسبەینێ هەتاو کەوتن,تومەس هەر ئەو شەوە ( سەرۆك سەعید لەشکر) نامەی ناردووە بۆ هەموو سەرکردەکانی تری گەڵباخی و لە ناوەڕۆکی نامەکەی ( س. باقر) ئاگاداری کردوون.ئەوانیش ڕەزامەندی ( قایل بوون) ی خۆیان دەربڕیوە کە ئەو خێزانانە بێنە ناو گەڵباخی,بۆ سبەینێ ( سەرۆك ) خۆی هاتەوە دیوەخان و دیسان بە گەرم بەخێرهاتنی ( ش. سەعید و بابا ڕەسول ) ی کردو فەرمووی: ئاغا سەید سەعید ئەتوانی باسێکی بەسەرهاتی خۆتانم بۆ بکەیت و چۆن هاتنە خاکی ئێرانەوە و بۆچی دەست بەسەر کران ڕەهندەی ئەو چۆڵەوانیە ( مەنفا) کران؟!..( ش.سەعید) بە دوور و درێژی لە سەرەتاوە تاگەیشتن بەو دێیە چۆڵەوانیەی بۆ گێڕایەوە و ئەویش زۆر دڵتەنگ بوو.پاشان ووتی: ئاغای ( سەید سەعید) حەز ئەکەم چەند ڕۆژ لە خزمەتتانا بین,بەڵام لەبەر خێرایی بە گەیشتنتان بۆ ناوچەکەمان کە ئێمە شانازی پێوە ئەکەین نەوەی ( شێخ عیسای بەرزنجە و کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمود) پێمان ڕازین و بێنە ناومان و ئێمەش بەهۆی ئێوەوە سەرفرازبین و دەستی دوژمن زاڵ نەبێ بەسەرمانا,ئەمەیش وەڵامی نامەکەی ئاغای ( س.باقر)

ی کە هەموو سەرکردەکانی گەڵباخی بە شانازیەوە پێشوازییان لێ ئەکەن.ئەم کوڕە ئازا و شارەزایەتان لەگەڵ ئەنێرم کە ناوی ( ڕەسولە ) بانگی کردو پێی ڕاگەیاندن کە لە خزمەت ئەم سەیدە پیرۆزانەدا بڕۆ تادەگەنەوە دێی ( باوەنەزەر),بەلاّم با شەو دابێ ئینجا بچە ناو دێیەکەوە.با خەڵکی دێ پێان نەزانن,کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو,( سەرۆك–سەعید لەشکر)ئەم لاوئەولای ماچ کردن و خواحافیزی لێکردن,کەوتنە ڕێ لە خۆیانا,وایان ئەزانی بەسەر مافوردا ئەڕۆن چونکە ڕزگاریان ئەبێ و لە چنگ دەست بەسەری و کوێرەوەری ئازاد ئەبن و لەوانەیە لەماوەی مانگێکی تردا خێزانەکان بگەنەوە وولاّتی خۆیان لە کوردستانی عێراق,هەرچەندە یەشتا بە باشی ماندوویان نەحەوابۆوە,بەلاّم لە خۆشی بڕیاردانی سەرکردەکانی( گەڵباخی) ماندووبونیان لە بیر چوبۆوە,وایان ئەزانی لە ( تاریکستانەوە بۆ ڕووناکستان) ئەچنەوە,( سەرۆك سەعید لەشکر) وەلاّمی نامەکەی ( س. باقر) ی بە زمانی کوردی دابۆوە,بەلاّم ( س. باقر) بە فارسی نامەکەی بۆ ئەو نوسی بوو,دیسان ( سەرۆك) لە نامەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە هاتنتان ئەبێ بە نهێنی بێت و کەس پێتان نەزانێ ئەگینا لەوێش دورترتان ئەخەنەوە,ئەم سێ زەلامە کەوتنەوە ڕەو بەرەو دێ وێرانەکە.لەڕێگا لەسەر کانی و ئاوێك دانیشتن و نانی نیوەڕۆیان خوارد,کولێرە چەورە بە ( پەنیرە) وە بۆلای ئێوارە نزیکی دێی ( باوەنەزەر) بوونەوە,لە پەنا( گابەردێك) دانیشتن تا

شەو داهات,ئەوسا چوونە ناو ماڵەکان و نامەکەیان دایە دەست ( س.باقر) , ئەویش بەخێرهاتنی کردنەوە و سوپاسی ئازایەتی و ئەنجامدانی کارەکەیانی کرد.هەر خێرا( ش. سمایل ) چوو بۆ لای سەرۆك خێزانەکانی تر و ئەنجامی هاتنەوەی پەیامنێرەکانی پێ ڕاگەیاندن و ئەبێ بێن بۆ لای ( س.باقر) بۆ خوێندنەوەی نامەکەی ( سەعید لەشکر) کە داوای کرد بوو ئاغای ( س. باقر) بچێت بۆ ناو گەڵباخی و نامە خۆشەکەی سەرۆك ( سەعید لەشکر) ی بۆ خوێندنەوە.هەر ئەو شەوە ( س. باقر) خۆی ئامادەکرد کە سبەینێ لەگەڵ ( ڕەسول ) ی تەتەردا.مەلا بانگدان کەوتنە ڕێ بەرەو ناوچەی ( گەڵباخی) بەهەمان ڕێگادا کە ( ڕەسول ) شارەزای بوو,ئەڕۆیشتن( س. باقر) لە مێشکیا بیرێك جەنجاڵی کردبوو,کە ئەویش ووتەکانی( ش.مەحمود)ی کاکی بوو,کە فەرمووی: لەوانەیە بە گەیشتنی ئەم خێزانانە بۆ ناو گەڵباخی و کارەسات ڕووبدات و ئێمەش و ئەوانیش تیا بچین,بەڵام دڵخۆشی خۆی بەوە ئەدایەوە.هەر بە گەیشتنی خێزانەکان و پاش دوو ڕۆژحەوانەوە,یارمەتی خانەکانی گەڵباخی و گەلەکەی بە زوویی بەرەو سنوری عێراقیان ئەبەین و خۆمان( پیاوەکان) چارەنوسمان لەگەڵ جەنگاوەرانی گەڵباخی ئەبێ!...بەڵێ ! نزیکەی نیوەڕۆ بوو گەیشتنە هەمان کانی و ئاو و( س.باقر) دەست نوێژی گرت,هەرچەند زۆر ماندوو بوون,بە کێوەکەدا سەرکەوتن بۆ لای سەنگەری پێشمەرگەکانی سەر سنور, پێشوازی گەرمیان لێکرا و

پاش حەوانەوە و نوێژکردنی نیوەڕۆ و نان خواردنێکی سەرپێی,هەرزوو فەرماندەی ئەو تیمە ناردی لە دێیەکی نزیك ئەو شوێنە ئەسپێکی سواریان هێنا و ( س. باقر) سوار بوو,ڕەسول لە پێشیەوە لەگەڵ چەکدارێك, بەرەو ( ئەفراسیاو) کەوتنە ڕێڕەو , پاش نیو کاتژمێرێك گەیشتنە بەرەوە,بەگەیشتنی ( س. باقر) پیاوانی پاسەوانی بەردەمماڵی( سەرۆك سەعید لەشکر) ئاگاداری سەرۆکیان کردو خۆی هات بە پیریەوە بەگەرمی بەخێرهاتنی کرد و ئەم لاولای یەکتریان ماچ کرد و سەرکەوتنە سەرەوە بۆ نهۆمی دووەم ( دیوەخان),پاش کەمێك حەوانەوە,نانی نیوەڕۆ ئامادە کراو لەسەر خوانی سەرۆك نانیان خوارد,پاش چایی خواردنەوە,سەرۆك ( سەعید لەشکر) بە ( س. باقر) ی ووت: ئاغای سەید باقر تۆ ماندویت,لەو ژوورە شوێنت بۆ داخراوە,بنوو تا ئێوارە شەو گفتوگۆ دەست پێ ئەکەین.

دێی( ئەفراسیاو) کەوتۆتە ناو پانتاییەکی فراوان چواردەوری بە چیا و گردۆڵکە گیراوە لای ڕۆژهەڵاتی دارستانێکی چڕ و زەبەندە,بەڵام باشووری دێ دەشتێکی پان و بەرینە,خاوەن ئاوێکی زۆرەو لەو زەویانەدا مەرەزە وتوتن و سەوزەواتی بەزۆری تیا دەکرێت.

لەبەردەم ماڵەکاندا چەند باخچەیەکی درەختی میوە و سەوزە و گوڵ وگوڵزار , هەر لەخوار ئاواییەکەوە سێ ئاشی( تەنوورە) کە بە ئاوی کانیە گەورەکەی ناو دێ دەگەڕێن و لە زۆربەی

دێهاتەکانی چوار دەورەوە باراش دێنن بۆ هاڕینی لەم ئاشانەدا و کردنی بە ئارد,( ئەفراسیاو) نزیکەی دووسەد ( ٢٠٠ ) ماڵێك ئەبێت, لەناو دێیەکەدا,چوار دوکانی تیادایە, کوتاڵ و شەکر و چا و بابەتی بەقاڵی تیایە,لەبەر بەرزی چیای ڕۆژهەلاّتی دێ , هەتاو درەنگ دەکەوێتە ناو دێیەکەوە.خانووەکانیان هەمووی بە بەرد و قوڕ و خشتی قوڕین و خشتی سوور دروست کراون و هەیانە دوو نهۆمە,بە گلێکی سپی ژوور و بەر هەیوانیان سیواغ دراوە,زۆربەی دانیشتوانی دێ بە کشتوکاڵەوە خەریکن وەك ( گەنم و جۆ و نیسك و نۆك و کەتان ) جگە لە کێڵگە ئاویەکان,دیسان ئاژەڵێکی زۆریان لە ( مەڕ و بزنەمەرەزە و مانگا و گا و ئێستر و ماین و گوێ درێژ) هەیە, هەروەها پەلەوەری وەك ( مریشك و قاز و مراوی و قەل ).

شەو لە دیوەخان( سەرۆك سەعید لەشکر و مەجید خانمی برای) لەگەڵ ( س. باقر ) کەوتنە گفتوگۆ : سەرۆك ووتی: ( ئاغای س. باقر ) هیوادارین بە هاتنی ئێوە ئێمەیش بەختیار بین و بتوانین بەهێزتر و بە تواناتر پارێزگاری لەم ئەزمونەمان بکەین و نەیەڵین جارێکی تر دەستی زۆر داری چەپەڵی ( ڕەزا شا) بگەڕێتەوە ناومان. لەسەر بڕیاری هەموو سەرکردەکانی ( گەڵباخی) با خێزانەکانتان بەهەر شێوەیەك بێت بەشەو ڕەوی نزیك سنوری ئێمە ببنەوە و ئێمەش وولاّخ و پیاومان ئامادەکردووە بۆ پێشوازییان.سبەینێ ( ڕەسول ) ئەنێرینەوە بۆ لای سەرۆك

خێزانەکان و جەنابت نامە بنوسە بۆ ( ش. سمایل ) کە خۆیان ئامادە بکەن و ئەوا بە ڕەسول دا پارەیان بۆ ئەنێرین( پێنج سەد تومەن) بۆ کڕینی چوار تا پێنج گوێ درێژ بۆ مناڵە ووردەکان و ئەو کەل و پەلانەی ماوتانە, لەوە پێش ( س.باقر) باسی گوزەرانی ناهەمواری خێزانەکان و بەسەر هاتەکانی لە نووکەوە بۆ سەرۆك و ئەوانی تریش باس کردبوو, بەڕاستی خانەکانی گەڵباخی بە ڕەوشت و کردەوە لە ( دەرەبەگ ) نەئەچوون, خۆیان لە جووتیارەکان بەزیاتر نەئەزانی,دەیەکی موڵکانەی ووشکەدان و پێنج یەکی بەرهەمی ئاویان لە جووتیار ئەسەند و بەڕەزامەندی خۆیان بوو,( سەرۆك سەعید لەشکر) ووتی : ئاغای ( س. باقر) ئێوە لە نەوەی کاك ئەحمەدی شێخن و خزم و لایەنگرانی شۆڕشە مەزنەکەی ( شێخ مەمود)ن, ڕێز و شکۆداریتان لای ئێمە پارێزراوە.ئێمە لێمان ڕوونە کە حوکمڕانی ستەمکاری ( ڕەزا شا) بە نیازە لەم زستانەدا کەوا دێت هێرش بکاتە سەرمان بۆ دەسگیرکردنمان و گەڕانەوەی ناوچەکەمان بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی, ئێوەش نەهاتنایە, هەر ئەو کارەساتە ڕوودەدات, بەڵام مەرج ئەوەیە ئەو خێزانانە زوو بێن و لەگەڵ خێزانەکانی ئێمەش ڕەوانەیان کەین تا بەفر ڕێگای نەگرتووە بەرەو سنووری عێراق و داوای ( دەغالەت ) پەنابەری بکەن و خۆیشمان لەگەڵ چەکدارەکانمان ئەمێنینەوە بۆ بەرەنگاری لەشکری ( شای ستەمکار)!...ئێمە ڕووداوەکانی پێش خۆمان لەبەرچاوە,ڕاپەڕینی

( هۆزی مەنمی) و حوکمڕانی نەمر( سمکۆ) ی شوکاك کە بە نامەردی لە شاری ( شنۆ) بەناوی گفتوگۆوە دەسگیریان کردن, خۆی و براکانی و مامی و ئامۆزا و کوڕی کە ژمارەیان دە نەفەر بوون و لە ( سێدارەیان) دان و تەرمەکانیان لە ( ئورمیە) و ( مهاباد) و تەوریز هەڵواسین تا چەند ڕۆژێك بۆ چاوترساندنی گەلی کورد کە جارێکی تر لە ڕژێمی ( شا) یاخی نەبن..!.

بەیانی زوو ( ڕەسول ) کەوتە ڕێ بەرەو ( باوەنەزەر) ی خێزانە ئاوارەکانی ئێمە, لە تاریکی ئێوارەدا خۆی کرد بە ماڵی ( ش. سمایل ) دا و نامە و پارەکەی ( س. باقر) ناردبووی دایە دەستی و پاش نان خواردنی ئێوارە ( ش. سمایل) چووە خزمەت ( مامە ش. مەحمود و ش.ڕەزا و ش.حسین) و ئەوانی تریش و نامەکەی ( س. باقر) ی بۆ خوێندنەوە و بڕیاریاندا سبەینێ بە مام کوێخا ڕابگەیەنین کە چوار گوێدرێژ ( کەر ) بکڕێت بۆمان. بەناوی کاسبی پێوەکردنەوە کە نامانەوێ بەدەستدەی ئەم دێیە بژین, بەڵکو بەڕەزامەندی ( کوێخا-کەلایی) ئەچین لە ( بیجاڕ) بابەتی بەقاڵی و پێویستی دێی ئێوە و دێهاتەکانی تر دێنین و لێرەوە ( گەنم و نیسك و نۆك) ئەبەین بۆ بیجاڕ, بەڕاستی ئەو تەگبیرە وای لە کوێخا کرد بڕوا بە پلانەکەمان بکات و چوار گوێ درێژەکەی بۆ کڕین, پاش دوو ڕۆژ لە نیوەشەودا, هەموو کەوتینە خۆ و مناڵەکان ( وردەکان) هەرچەندە (سوورێژەیان) دەردابوو,بەسەر کورتانی کەردا دابەستران و شڕ وشیتاڵی لێ

بارکرا و پیاو و ئافرەت و مناڵە هەراشەکان ( لاوەکان) کە ( من ) یەکێك بووم لەوانە کە تەمەنم بۆ هەشت ساڵان دەچوو,کەوتینە ڕێ لە کاتژمێری دوانزەی شەوەوە,بەسەرمای مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٦ بوو,زۆر ساردبوو,کەوتینە ڕۆیشتن و ( ڕەسول) لە پێشمانەوە بە شارەزایی ئەڕۆیشت ,من دەستێکم لە گیرفانی کەواکەی دایکمدا بوو,بەلاّم دوو منداڵەکەی ترمان ( فاتمە و عەبدولاّ) بەسەر یەکێك لە گوێدرێژەکاندا لەگەڵ منالّەکانی مالّی ( مامە ش. مەحمود و مامە ش. ڕەزا ) دا دابەسرابوون, تاریکە شەو بوو ,مانگ هەڵ نەهاتبوو, بەڕاستی لە کاروانی قەرەجەکان ئەچووین, بەلای دووسێ دێدا تێپەڕمان کرد,( ڕەسول و بابا ڕەسول) سەرقافڵە بوون, لەگەڵ ئەو سەرما و سەختی ڕێگایەدا, پیاوەکان و ئافرەتەکان بە خۆشیەوە ئەڕۆیشتین, هەورەك کەوێك لە قەفەز ڕزگاری بوبێ وابوو, لە تاریکیەوە بەرەو ڕووناکی ملمان نا..! چەند ساڵە هایە ئەمە یەکەم جارە لە ژیانمانا ڕۆیشتنی وا دوور ودرێژمان دیبێ بە پێ ڕۆیشتن ئای لە و نیگارە سەیر و سەمەرەیە,مەگەر کوڕەوی وا بەخەو بینرابێ,دایکم ( حەپسەخان) زوو زوو بەئاگای ئەهێنامەوە,چونکە وەنەوزە کوتێم بوو, ئەی فەرموو: کوڕم وورەت بەرزبێ , ئەوەندەمان نەماوە بگەینە سنووری گەڵباخی,ئیتر ڕزگارمان ئەبێ و ئەحەوێینەوە, منیش ئم ووت: دایە گیان..هەرچەندە قاچەکانم لەدوام نایە و زۆر ماندووم بەلاّم دڵنیابە نانوم و لەگەڵ تۆ ئەڕۆم و دواناکەوم,ئەوە نیە دەستم

لە گیرفانتایە و تۆ دەستمت گرتوە؟ پاش ماوەیەکی تر ڕۆیشتن,ئاسۆ ڕووناك بۆوە, گزنگی خۆر دای لەسەر چیاکان, (( ڕەسول )) و (( بابا ڕەسول )) مژدەیاندا, کەوا زۆر نزیك بوینەتەوە لە سنووری گەڵباخی, ئەو کێوەی دیارە لە دورەوە, ئەوە سەنگەری پێشمەرگەکانی گەڵباخیە, ماوەی کاتژمێرێکی تر ڕۆیشتن گەیشتینە ئەو کانی و ئاوەی, کاتی خۆی ( ش. سەعید و بابا ڕەسول ) لەسەری لایان دابوو,هەر بە گەیشتنمان,خرمەی پێی وولاخی سواری هات, دە ئەسپ و ماین و پێنج ئێستریان هێنا بەرەو پیرمان, پاش تۆزێ حەوانەوە و ئاو خواردنەوە و نوێژکردنی( مامە ش. مەحمود و مامە ش. ڕەزا) و ئەوانی تر.. هەموو سوار بووین,من لە پشتی وڵاخەکەی باوکمەوە لە پاشکۆیا سوار بووم و بەڕێگای کێوەکەدا سەرکەوتین پاش چارەکە کاتژمێرێك گەیشتینە بنکە و سەنگەری ( پ. م) کان و ئاگرێکی مەشخەڵیان کردبۆوە, هەموو دابەزین و ئەو سەردەستەی تفەنگچیەکان و ئەوانی تر بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین و جێگایان ڕاخست و هەموو لێی لاڵوپاڵ کەوتین بە تایبەتی مناڵ و ئافرەتەکان, هەموو قاچەکانمان ئاوسا بوو,شتێکی ئاسایی نیە ماوەی شەش تا حەوت کاتژمێر بە تاریکی شەوی پاییزی سارد و ڕێگای سەختی بەردەلانی,چۆن قاچ نائاوسیٚ؟ بەڵام چونکە بەرە و( سەربەستی و ڕزگار بون) ئەچووین, هەستمان بە ئازار و ماندوو بوون نەئەکرد, تەنانەت پیاوەکانیش ڕاکشان و نزیکەی

**کاتژمێرێك نوستین, ئەوسا ( بابا ڕەسول و ش. سەعید) هەمووانیان بە ئاگا هێنا و تا هەڵساین( نان و پەنیر و چایی ) ئامادەکرابوو, بەرچاییمان کرد و هەر لەو کاتەدا بوو چەند سوارێك هاتن لە ( ئەفراسیاوەوە) سەرکردەکەیان( ڕۆستەم خانی ) برا بچوکی ( سەرۆك سەعید لەشکر) بوو,دابەزین و بەگەرم پەلاماری دەستی ( مامە ش.مەحمود و مامە ش. ڕەزا و خاڵۆ ش. حسین و باوکم و ش,سمایل) یان داو و ماچیان کرد و بەخێرهاتنی هەموو خێزانەکانیان کرد و ئەوانیش سەرو چاییان خواردەوە و هەموو سوار بوینەوە و ماڵ ئاواییمان لە پێشمەرگەکان کرد و بەرەو ( ئەفراسیاو) کەوتینە ڕێڕەو ماوەی نیو کاتژمێرێك گەیشتینە ئەو دێیەی ( س. باقر) ی لێیە.**

**بەڕاستی ئەم نیگارە شێوەکارە جیاوازیەکی یەکجار زۆری هەیە لەگەڵ ڕۆژێك لەمەبەر لە دێ وێرانەکەی ( باوەنەزەر)دا, پێشمەرگە هەموو لە فیشەکدا زەرد, تفەنگی بڕنەوو داش و یانزە تیر و هی تر و دەمانچە بەلای پشتێنەکانیانەوە,هەموو دەستە و نەزەر وەستاون بۆ پێشوازی خێزانە ڕەش و ڕووت و ئاوارە سەیدەکانی بەرزنجە,هەموو خەڵکی دێ ئامادەی پێشوازین بە تەپڵ و دەف و سڵاوات دان,مەلای دێ لە پێشیانەوە هاتن بە پیرمانەوە, لەو لایشەوە سەرۆك سەعید لەشکرخان و مەجیدخان و حەمە علی خانی ( هاڵەدەرەو ) سەرکردەکانی تری گەڵباخی و مامە ( س. باقر) یش لەناویانا وەك تۆپە گوڵ گەشابۆوە, بەبینینی ئەم**

پێشوازییە قەشەنگە,مەگەر لە ( مەریوان) لەسەرەتای هاتنمان بۆ ئێران, پێشوازی وامان دیبێ!.. هەر لەوێدا( س. باقر) بەناوی هەموو خێزانەکانەوە سوپاسی گەرمی ( سەرۆك ) و هەموو سەرکردەکانی گەڵباخی و دانیشتوانی دێی ( ئەفراسیاو) ی کرد و ووتی تا مردن ئەم پێشوازیە و پیرهاتنەوەمان لەیاد نەکەین گەورە ئەپارێتەوە هەروا سەربەخۆ و ڕزگار کراوبن,لەدەستی دوژمن و هەموو لایەکمان بپارێزێت, هاتنمان بێتە مایەی خۆشی و تەبایی بۆ هەمووان ڕۆستەم خان لە جیاتی سەرۆك( سەعید لەشکر) ووتی: (( ئاغایان ئێوەی سەید و ئەولادی پێغەمبەر ( د.خ) و نەوەی شێخ عیسای بەرزنجی و کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ مەمحودی گەورە, سەربەرزیە بۆ ئێمە کە بەگەرم و دڵسۆزی پێشوازیتان بکەین, ئێوە شایانی ڕێز و سەربەرزین بۆ ئێمە,هیوادارین هاتنتان بێتە مایەی خۆشی و سەرفرازی بۆ هەموومان)) . پاشان ئافرەتەکان کە لەلایەن هاوسەری ( سەرۆك ) و ئافرەتانی دێوە پێشوازی گەرم کران و چونە ژووری ( حەرەم ) و ئێمەش لە خزمەت پیاوە گەورەکاندا ( کوڕە لاوەکان – مێردمناڵەکان ) چووینە دیوەخان, پاش کەمێك دانیشتن, کە پیاوەکان و سەرکردەکان هەموو بە پێوە, تەنها ( سەرۆك ) لەگەڵ پیاوەکانی ئێمە دانیشتبوو, ( سەعید لەشکر) فەرمووی: باجەنابی شێخەکان بچنە ئەو دیو جێگا ڕاخراوە با بحەوێنەوە تا نانی نیوەڕۆ پێ دەگات. کاتژمێر نزیکەی دەی پێش نیوەڕۆ بوو,

لە ژوورێکی گەورەی پڕ لە فەرش و دۆشەك و لێفە و سەرین بەڕیز ڕاخرا بوو, هەموو لێی نوستین تا بانگی نیوەڕۆ, ( دوو کاتژمێرێك) لەکاتی بانگدا هەموو بە ئاگا هاتین و پیاوەکان لەگەڵ ( سەرۆك ) و ئەوانی تردا چوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژی بە کۆمەڵ ( جەماعەت ), ئێمەش کوڕە لاوەکان لەدیوەخان دانیشتین تا هاتنەوە, بەهەمان شێوە ( ئافرەتەکان و کچەکانیش) لە ژووری ژنان نوستبوون,کاتێك پیاوەکان لە مزگەوت گەڕانەوە. فەرموو کراین بۆ ژوورێکی تر, سفرە ڕازابۆوە,( گۆشتی بریانی لەسەر قوبڵی برنجی سەدری و گۆشتی قەل و مریشك و سێ جۆر شلە و میوە فرنی و ترشیات و سەوزە), ئێمەی کە نزیکەی دوو مانگە شتی وامان بە خۆمانەوە نەدیوە, لەبەردەم ئە و جۆرە خواردنانەدا شەرممان ئەکرد و نەمان ئەزانی چۆن چۆنی تێر بخۆین؟ بەڕاستی وەك لە دۆزەخێکی ناهەموارەوە هاتبینە ناو بەهەشتێکی پڕ ئازادی و خۆشی و جۆرە مرۆڤێکی تری پێکەنیناوی و گفت خۆش و ڕێزلێگرتنمان لەلایەن خەڵکانی گەڵباخیەوە تامردن لە یادمان ناچێتەوە و نەك هەر ( من) بەڵکو هەموو ئەندامانی ئەو شەش خێزانە بە شانازییەوە باسی مەردایەتی ئەو کەڵە پیاوانە و خەڵکە دڵسۆزە ئەکەینەوە!.. ئەو شەوە لە دیوەخان تا درەنگ باسی بەسەر هاتی ئەم خێزانە سەیرانەی بەرزنجە کرا, بۆ سبەینێ سەرکردەکانی گەڵباخی کە پێکهاتوون لە ( سەرۆك سەعید لەشکر و ڕۆستەم خانی برای و حەمە علی خان و مەجید

خان) بڕیاریاندا کە خێزانەکان بەسەر دێهاتی ئەو خانانەدا دابەش بن تاوەکو ئاغای ( س. باقر) ئەڕواتەوە بۆ عێراق و دێی سەرکان و بەهۆی ( شێخ عەبدول ) ی برا گەورەیەوە هەوڵ بدات مافی پەنابەری بۆ خێزانەکان و خێزانی سەرکردەکانی گەڵباخی وەربگرێت بەهۆی موتەسەریفی سلێمانیەوە,خێزانەکان بەم شێوەیە دابەشبوون : ( ماڵی س.باقر و ش. سمایل ) لە دێی ئەفراسیاو , ماڵی ش. مەحمود و ش. سەعید لە دێی گیزمل و ماڵی ( ش. ڕەزا و ش. حسین ) لە دێی هەڵەدەرەی ( حەمە علی خان ). بۆ سبەینێ وولآخیان ئامادەکرد و خێزانەکان دابەشکران بەسەر ئەو دێهاتانەدا, کە ماڵی سەرکردەکانی لێ بوو, بۆ ڕۆژی دواتر ( س. باقر و ش. سەعید) بە سواری ولآخ و دوو تفەنگچی لەگەڵیان ڕۆیشتین تا نزیك سنووری عێراق لە ناوچەی شلێر,ئەوسا ئەوان بە پێ و بە شەو ڕەوی خۆیان گەیاندە کەلی تاریەر و پشتی دێی ( سەرکان) و هەر بە شەو خۆیان گەیاندبوە ( ماڵی ش. عەبدول) پێش ڕۆیشتنی ( س. باقر) و ( ش. سەعید) پێان ڕاگەیاندبوون ئەبێ بەزووترین کات بگەڕێنەوە و وەلآمی بە ئەنجام گەیاندنی هەوڵەکەیان بێنەوە, پێش داکردنی بەفری زستان, کە ئەو ناوچەیە ناودارە بە بەفر زۆر لێ بارین, پێش ئەوەی لەشکری( ڕەزا شا) هێرش کاتە سەر ناوچەکە وداگیرکردنەوەی بۆ ئەوەی خێزانەکان دەرباز کەین بە سەلامەتی پیاوەکان بەرەنگاری سوپای ئێرانی ستەم کار ببنەوە.

**بە گەیشتنی ( س. باقر و ش. سەعید) و تێگەیاندنی ( ش. عەبدول ) بە بڕیاری خێزانەکان و سەرکردەکانی گەڵباخی زۆر شاد بوو.**

## لەلاپەڕە ٨٤دا هاتووە:

**هەر لەو کاتەدا وا سەرەتای کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٦ ه بەفر دادەکات ئەوسا ئەکەونە بەرەو ناوچەی گەڵباخی, بە دووشەو و ڕۆژ ئەوسا ئەگەنەوە( س.باقر و ش. سەعید و ش. کەریمی سەید ئەحمەد و چەند پیاوێکی تری وولاٌخدار ) بەگەیشتنەوەمان , لەشکری ئێرانی هێرش دێنیٚ بۆ سەر ناوچەکە, بۆ کلۆڵی نەتەوەی کورد, وادیسان یەکێك لە هۆزە ئازاو بە جەرگەکانی کەوتە ژێر تەوژمی ناهەموار و دوژمنی خوێنی کورد, دەوڵەتی ستەمکاری ( ڕەزا شای پەهلەوی) بەهێزێکی گەورەی سوپاوە و لەگەڵ تاقمێك خۆفرۆشی ( جاش ) و جل خوارپێشڕەوی سوپایان کردبوو, لەوانە ( حەمە ڕەزا بەگی) مەریوانی چاوساغیان بوو.**

**سەرۆك ( سەعید لەشکر) فەرمانی دەرکرد بۆ ( هەموو ناوچەی گەڵباخی بۆ بەرەنگاری سوپای دوژمن تا دوا دڵۆپی خوێن لە لەشماندا مابیٚ ئەبیٚ کۆڵ نەدەین و سەر شۆڕ نەکەین). بەلاٌم ئەڵێی چی لەگەڵ دەسەلاٌتی کردگار و سروشتی دوژمن بە کورد, پانزە ڕۆژ و شەو بەفر باری, لە دوو مەتر زیاتر باری بوو, ئەوانەی لەگەڵ ( س. باقر و ش. سەعید) هاتبوون یەکسەر گەڕانەوە دواوە بەرەو سنوری عێراق و خۆیان دەرباز**

کردبوو,هێزی پێشمەرگە و سەرکردە و جوتیارانی گەڵباخی, بەو پەڕی ئازایەتی و لەخۆبوردنەوە,بەرەنگاری سوپای دوژمنیان کرد, و لە سەرباز و ئەفسەری ( ڕەزا شا)یان کوشت و چەند جاشێك کوژران,بەڵام هەر یەك هەفتە توانیان بەرەنگاری بکەن و ئێمەش گوێمان لە گرمەی تۆپ و تەقەی تفەنگ بوو, وابەفریش هەر ئەبارێ بێ ڕاوەستان,ڕێگا هەمووی بڕاوە,دەرفەت نیە بە هیچ کلۆجێ خێزانەکان دەرباز بن.

شێخەکانی ئێمەش لەگەڵ هێزی بەرگری گەڵباخی بەشداریان کرد و تا لە توانادا بوو کۆڵیان نەدا, پاشان هێزی دوژمن توانی بێتە ناوەوە و سەنگەرەکانی سەر سنوور بە ( تۆپ) وێران بکات و گەلێك لە پێشمەرگەکانی شەهید کردبوون,ناچار نەی توانی خۆی دەرکات بەرەو سنوری عێراق و مەریوان ڕۆیشتن و زۆر لە ڕاکردوەکان لەو بەفرە زۆرەدا( ڕەق ) بونەوە, مردن و گۆڕیان بەفر بوو,وەك چۆن بیستمان لە شاری ( سنە) لەدوای نەورۆز کە بەفرەکە چۆتەوە تەرمی ئەوانەیان لە ژێر بەفرەوە دەرهێناوە. خەڵکی ئەو دێهاتانەی نزیك سنووری گەڵباخی ناشتویانن. لەوانە شێخەکان( ش. مەحمود) ی مۆریاس و ( بابا ڕەسول – سورە) ی کوڕی, لە نزیك دێیەکی نزیك سنوری عێراق نێژراوون, بەڵام ( س. باقر) دەسگیرکراوە و لەلایەن سوپای ئێرانەوە ئەفسەرێك ویستویەتی بیکوژێ, بەڵام یەکێك لە جاشەکانی( حەمە ڕەزا بەگ) ناسیبووی بە ئەفسەرەکەی وتوە, ئەمە گەڵباخی نیە و

لە سەیدە عێراقیەکانە کە ڕایان کردۆتە ناو گەڵباخی لە ناوچەی ( بیجاڕە)وە, ئەویش دەست ئەگێڕێتەوە نای کوژێ و بە بەندکراوی بەرەو ( دیواندەرە) نێردراوە.
بێینەوە سەر باسی ( ش. سمایل) لەگەڵ ( ش. سەعید) و چەند چەکدارێکی تری گەڵباخی خۆیان گەیاندۆتە دێی ( باینجۆ) کە هەموویان سەیدی بەرزنجەن.( سەید حەسەن) ی باینجۆیش ( ش. سمایل ) ئەناسێ و لەگەڵ ( ش. سەعید) لەماڵی خۆیان نزیکەی مانگێك داڵدەیان ئەدەن و قاچی ( ش. سەعید) سەرما بردبووی ( پەنجەکانی پێی ) چاری ئەکەن و ( ش. سمایل ) تووشی گرانەتا ئەبێ. پاشان ( سەید حەسەن) لە نیوە شەوێکدا سواری وولاخیان دەکات و خۆی و پیاوێکی تری خزمیان لەگەڵیان ئەڕۆن تا ئەیانگەیەننە دێی ( سەرکانی ش. عەبدول ) . دێهاتەکانی ( ئەفراسیاو و گزمل و هاڵەدەرە و تازاوا) گیران و ماڵی ( سەرۆك سەعید لەشکر) تالاّن کرا و خێزانەکانیان لەگەڵ خێزانی ئێمە و ( س. باقر) بەرەو شارۆچکەی ( دیواندەرە) ی سەر بە پارێزگای ( سنە-کوردستان) ڕەوانە کراین,لەدێی ( هاڵەدەرە) ( ش. حسین) لەگەڵ چەند براو خزم و پێشمەرگەکان خۆیان ڕزگار کردبوو بەرەو سنوری عێراق وبەلاّم مامە( ش. ڕەزا) لەگەڵ ( حەمە علی خان) لە هاڵەدەرەوە دەسگیر دەکرێت و بەرەو شاری سنە ئەیان بەن و لە بەندیخانە توندیان ئەکەن و نەوەك وەك ئەوانی تر ڕزگاریان ببێت.دەگێڕنەوە کەوا لەگەڵ ( س. باقر) دا سەرۆك ( سەعید

**لەشکر) دەسگیرکراوە و بردوویانن بۆ بەندیخانەی ( قاجار) ی وەك ( باستیل ) ی فەڕەنسا وابووە.وەك ئەو گەڵباخیانە ڕزگاریان بووە و گەیشتونەتە خاکی عێراق.یانی ئەوانەی لە بەندی ئێران بەرببون و گەڕانەوە ناو گەڵباخی ووتویانە: کاتێك ( س. باقر و سەرۆك سەعید لەشکر) ئەگەن بە تەرمی ( ش. مەحمود و باباڕەسوڵی کوڕی ) لە بن دارێکا ئەیانکەن بە ژێر بەفرەوە بۆ ئەوەی دڕندەی کێوی نەیان خوات, پاشان تووشی دێیەکی بچوك دێن نان و ڕۆنیان ئەدەنێ و ئەکەونە ڕێ بەرەو سنوری عێراق.بەڵام پاش دەرچونیان لە دێیەکە ئەکەونە ناو بۆسەی سوپای ئێرانی و جاشەکانەوە,لەوێدا یەکێك لە پیاوەکانی ( حەمە ڕەزا بەگ) کە مامی ( عەدلە خانی ) هاوسەری ( س. باقر ) بوو لەگەڵیان بوە خۆی تا ( س. باقر) ڕزگار کات لە گرتن,ئەو پیاوە ( س. باقر) ی لە کوشتن ڕزگار کردوە.ئەم دەنگ و باسانە هەمووی لە دەمی ( بابا ڕەسول ) ی تەتەری سەرۆك( سەعید لەشکر) کە لە گەڵیا لە بەندیخانەی ( قاجار) بەند بووە و پاش شەش مانگ بەنەخۆشی بردنی بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی بەندیخانەکە لەدەست ( ئەمنیەکان-پۆلیسەکان) ڕائەکاو ئەو زانیاریانە بە ( ش. سمایل ) ئەگەیەنێ,وەك ( ڕەسوول ووتویەتی: کە لە شاری سنە( س. باقر) یان لە ئێمە جیاکردەوە و نازانین بۆ کوێیان برد.**

بێینەوە سەر باسی بردنی خێزانەکان جارێکی تر بۆ شاری ( سنە) لەگەڵ خێزانەکانی ( خانەکانی) گەڵباخی,لەدێی ( هاڵەدەرەوە) ( حەمە علی خان و مامە ش. ڕەزا) دەسگیر دەکرێن و ئەوانیش ئەبەن بۆ ( دیواندەرە) و لەوێوە بۆ شاری سنە مامە ش. ڕەزا لەویٚ ئەبەنە بەندیخانەی شارستانی ( مەدەنی) و حەمە علی خان بۆ گرتوخانەی ( سەربازی) باش لە بیرمە کە ئێمەیان ڕاپێچ کرد بەسەر ئەو بەفرە زۆرەدا بەرەو شارۆچکەی ( دیواندەرە) وە , ئەوی پەکی بکەوتایە لە پیاوی پیر و ئافرەت یەکسەر سەربازەکانی سوپای ( ڕەزا شا) ئەیاندایە بە ر گوللە و خوێنە سورەکەیان ئەڕژایە سەر بەفرەکە و شەهید دەبوون ؟! تەنانەت ئەو ئاژەڵانەی بە تاڵانی بردیان لە مەڕ و بزن و گا و مانگا و ئەوەی نەیتوانیایە باش بڕوا بەڕێوە گوللە بارانیان ئەکرد,ئای لەو نیگارە ترسناك و پڕ جەخارە. منالی ساوای ئەهێنایە زمان و مووی سەر سپی ئەبوو!..دیسان وەکو دواجار لە شاری سنە بۆمان دەرکەوت کەوا هەموو سەربازە فارسەکان دەستیان گرت بەسەر ناوچەی گەڵباخیدا, ئەو پەڕی بێناموسیان بەکار هێناوە دژی ئەو گەلە سەرکوتکراوە,لە تاڵان و بڕۆ , دەستدرێژی بۆ ناموسی ئافرەتان ,کوشتنی ئەوەی بەرەنگارییان بکات,دانانی ( پۆست –مەخفەر) لەو دێهاتانەی کە ماڵی ( خانەکانی ) لێبوە.

بەڵیٚ وادیسان کاروان بەرەو تاریکستان کەوتەوە کۆڕەوە و کۆڕەوی لەژێر ئاگر و ئاسندا,( لێرەدا بەداخەوە ئەڵێم زۆرم هەوڵ

داوە و سەرچاوەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران و تورکیا و عێراقدا, نەمدی یەکێك لە مێژوونوسانی خۆمان و بێگانە ( ڕۆژهەلاّتناسان) یەکێك باسی ئەو ڕاپەڕین و جۆرە ئۆتۆنۆمیەی ناوچەی گەڵباخی نەکردوە,نە بە چاك نە بەخراپ,جگە لە کورتە چیرۆکێکی مامۆستای زانا و ناوداری کورد ( مەلا عبدولکەریمی مدرس) لە ( گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ) ژمارە ٤٧ ساڵی ١٩٧١, بلأوی کردۆتەوە لە بەسەرهاتی کارەساتی گەڵباخی.منالێك لەو بەفرە قورسەدا لە کلۆری داردا ماوەتەوە ماوەی مانگێك تا بەفرەکە تواوەتەوە دایکی لەگەڵ باوکی بەهەمان ڕێگادا گەڕاونەوە ناوچەی خۆیان و منالەکەیان بە زیندووی هەڵگرتۆتەوە,ئەو منالە ماوە و گەورە بوە و خاوەن ژن و منداڵە ) .

(( منێك ( نوسەر) کە لەو تەمەنەدا ئەو کارەساتە دڵتەزێنەم دی, تا مردن تاوانباری ڕژێمی ڕەزا شا لە یاد ناکەم و دژی زۆرداری و شەڕ و کوشتنم و لەگەڵ ڕزگاری و سەربەخۆیی و چارەنوسی نەتەوەکەمم( نەتەوەی کورد) , لەگەڵ ئاشتی و بەختیاری گەلم)) ئەو دڕندانە لاشەی ئەو شەهیدانەیان لەناو ئەو بەفرەدا بەجێئەهێشت, ب دڕندەی کێوی وەك( وورچ و گورگ و کەمتیار)), کاتێك بەفرەکە توابۆوە,دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەرچی تەرم هەیە کردبویان بەژێر گڵەوە بەدزی ئەمنیەکانی ڕژێمی ستەمکارەوە.ئەو دڕندانە ئەوەندە بە ترسەوە بەپەلە بوون,ئەو ولاّخ و ئێسترانەیان کە ئەکوشت بارەکەی ( زێڕ ) بوایە لێی

نەئەگەڕانەوە دواوە و بەجێیان ئەهێشت, کاتێك بردیانینە ( دیواندەرە). لەهۆڵێکی گەورەی بێ شوشەی پەنجەرە دایان ناین, ئێمە و خێزانە گەڵباخیەکان نزیکەی دووسەد نەفەر ئەبوین,لەو شوێنە ساردوسڕەداو بێ خواردن و ڕاخەر و پێخەف تابەیانی ڕۆژ بۆوە هەڵ ئەلەرزین. بەفر بارین خۆشی کردبۆوە و هەتاو بوو,چەند لۆری ( ماشێنیان) هێناو هەموومانیان تێهاویشت و بەرەو شاری( سنە) ڕەومان کرد,بۆ نزیکەی پاشنیوەڕۆ گەیشتین و ئێمە و خێزانە شێخەکان, کە هەمووومان( ئافرەت و کوڕ و کچ و منالْ) جیا کردەوە لە خێزانە گەڵباخیەکان و یەکسەر بردیانینەوە,گەڕەکی ( قەتارچیان) و هەمان خانوەکانی پێشوو.....

*     *     *

*     *

*

**سەرچاوەی نۆیەم** : هۆز و تیرە وتایەفەی کورد لە کوردستانی ئەردەڵان/ میرزا شکر الله سنندجی(( فخر الکتاب)) وەرگێڕان, ئامادەکردن و سەرەتا و پەراوێز بۆ نوسینی / ئەنوەری سوڵتانی/ چاپخانەی شڤان/ سلێمانی/ ٢٠٠٦

لاپەڕەی ١٠٢

## چوارەم- هۆزی گەڵباخی

لە سەردەمی شایەتی بەهەشتی (( شاه تەهماسب)) ی سەفەویدا (٨٨),لە قەلاچوالانی سلێمانیەوە هاتونەتە کوردستانی ئێران . پیاوانی ناوداریان لە شاری سنە نیشتەجێبوون و خەریکی خزمەتکاری و نۆکەرایەتی حاکمانی کوردستان و گەورە پیاوانی وڵات بون, بەشێکی زۆریشیان کەسبو کاریان کردوە.ئەوانی دیکەش بە هەوارچیەتی بەهار و هاوین لە کوێستان و

---

٨٨- شاه تەهماسبی یەکەمی سەفەوی (( دووهەمین شاه لە زنجیرەی سەفەوی ) ٩٨٤-٩١٩ / ١٥٧٦-١٥١٣) لەساڵی ١٥٢٤/٩٣٠ دا هاتە سەر تەخت. شاه تەهماسبی دووهەمی سەفەوی ( دەهەمین شاهی زنجیرەی سەفەوی ) لە نێوان ساڵانی ١١٣٥ و ١١٤٤/ ١٧٣١-١٧٢٢ دا شاهیەتی کردوە.

زۆزانی کوردستان ( سنە) و پایز و زستانیش لە مەحاڵی شارەزوور ماونەتەوە و ئاژەڵیان بەخێو کردوە.
نزیکەی بیست ساڵێك لەمەوپێش(٨٩) لەگەڵ عێلی جاف کەوتونەتە شەڕێکی توندەوە و چەند کەس لەهەر دوو لایان کوژراوە. لەو کاتەو بەدواوە, بەهۆی دوژمنایەتی عیلی جافەوە,ئیتر نەچونەتە شارەزوور و پایز و زستان لە هەندێ گوندی کوردستان وەك (( کێلە کەبوود)) (٩٠) و (( کتك )) و (( مەڕە)) و (( یاپل)) و (( ڕوخەنجەرە )) و ( کانی سپی )) و (( ابراهیم ئاباد)) و(( کۆس عومەر )) و (( زەڕینە)) و ...هتددا. خانوبەرەیان دروستکردوە و بە شێوەی نیشتەجێیی دەژین و لە ئێلاخاتی ئەو ناوچانە و شوێنی تر خەریکی ئاژەڵدارین.
ئەوانەی ئێستاش لە شێوەی خێوەت نشیندا ماونەتەوە,نزیك ٥٠٠ خێزان و بە نێر ومێ و گەورە و گچکەوە,سێ هەزار کەس دەبن.هەر چەند خێزانەی کوێخای خۆیان هەیە.بەڵام گەورەی هەموو کوێخاکان دوو کەسن( قەیخا حەسەن )) و (( قەیخا خەسرەو )). تا ئێستا ناوی کەسێکی ناوداری وامان لەو هۆزە نەبیستوە کە شایانی باس بێت. هۆزی (( وەرمزیار )) یش بەشێك لەم عێلەیە و هەر بەوان دادەنرێ(٩١).هۆی ناونرانیشیان ئاشکرا نییە.(٩٢)

٨٩- دەبێ ساڵانی شەست لە سەدەی نۆزدەهەم بێت.
٩٠- کیلەکەوگ؟

---

٩١-گەڵباخیەکان , هەشت تیرەن: قەمەری,گاملی,کاك سەوەندی ,مورادگۆرانی ,چۆخەڕەشی ,پیتوەسەری ,هەمزەیی ,کوڵکنی (؟) بڕوانە,شێخ محمد مەردۆخ,تاریخ کردستان و توابع,ب١,ل ١٠٨.
٩٢- پێشینەی ناوی گەڵباخی واهەیە لە ئاڤێستادا بدۆزرێتەوە کاتێ باسی کۆچی زەردەشت دەکات لە گۆلی چیچەستەوە بۆ بەڵخ و ئەو بەڵخەش زۆر واهەیە پەیوەندی لەگەڵ گەڵباخیدا هەبێت. ئەم بۆچونەم لە خوالێخۆشبوو عماد الدین ملکشاهی وەرگرتوە.بڕوانە کتێبە بە نرخەکەی بەناوی (( جغرافیای غرب ایران یا کوههای اوستا)) بە فارسی.

* * *
* *
*

سەرچاوەی دەیەم : بەسەرهاتی فەرمانڕەوایانی گەڵواخیەکان /کۆکردنەوە وئامادەکردنی خالید ئەحمەدی / پێداچونەوە و ڕێکوپێککردنی/حەسەن گۆران/ چاپی یەکەم/ ٢٠٠٦/ سنە / ئێران .

- وتاری یەکەمین کۆنگرەی گەڵباخی لەشاری سلێمانی لە هۆڵی تەوار کە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١٤ بەسترا کە لەلایەن نوسەرەوە پێشکەشکرا...*

مامۆستا قانعی شاعیر دەربارەی هۆزی گەڵباخیان فەرموویەتی:-

ئەی میلەتی گەڵباخی زەدەی دەستی نەدامەت
ئەی مەنشەئی ئیحسان و کەرەم, بەحری سەخاوەت
کوا ڕەونەقی دێرینە لەسەر بەزمی عەباست
کوا شۆڕشی مەیدانی عەلی شێری شەجاعەت
کوانێ قولی و کوا ئەسەد و کوانێ موحەمەد
هەرسێ خەلەفی یاری خوان. کانی کەرامەت
تادوێنێ بوو یەقین و مەسکەنی تۆ خاکی زەهاو بوو
بۆ ئێستە وەها ماتی لە ژێر باری سیاسەت؟
کوا کەشمەکەشی دەشتی کرند و خوتەی شێخان
ئەفسوسە لە بۆ ئێوە هەتا ڕۆژی قیامەت

ئەو وەختە نەبوو توخمی نیفاق و شەڕ و شۆڕش
بۆیەکە هەموو دوژمنی خۆت هاتە ئیتاعەت
بۆ سەرکزی ئەم هۆزە دلێرە وەکو (( قانع ))
ڕوو زەرد و سەر ئەفکەندە لەژێر باری قەباحەت

*           *           *

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە**

**مامۆستا قانعی شاعیری ڕەحمەتی دەفەرموێت :**
**فەخرە بۆ من ئیفتیخار و حورمەتی چوار تایەفە**
**زەند یەك , گەڵباخی دوو ,شێروانی سێ ,میدیا چوار**

- سەرەتا بەناوی سەرجەم گەڵباخیانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی سەرجەم ئامادەبوان و میوانە بەڕێزەکان دەکەین بۆ تەشریفهێنانیان بۆ دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەی دامەزراندنی سەنتەری گەڵباخیان.. هاتنتان مایەی شانازی و سەروەریمانە و خوازیارین هەمیشە هۆز و تیرە و ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریمان هەمیشە تەبابن پێکەوە و لەگەڵ یەکدا خۆشی و ناخۆشیەکان دابەش بکەن و هاوکاری و هەماهەنگی کوردانەی ڕاستگۆیانە لە نێوانیاندا بەرقەراربێت .

بەمەبەستی زاڵ بوون بەسەر سەرجەم خاڵ و کێشە وناکۆکیەکاندا و ئومێدەوارین ئەم بارگرژی و ئاڵۆزیە سیاسیەی کە لە هەرێمەکەماندایە بە گیانی برایەتی و لێکتێگەیشتن و گفتوگۆکردنی ڕاشکاوانە و ئاشتیانە لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و جەماوەردا بێنە چارەسەر کردن و هەموانیشمان پێکەوەو وەکو یەك و ڕاستگۆیانە و دادپەروەرانە هیمەتی کوردانە بکەین بۆ چێکردنی پرۆسەیەکی عەمەلی و سەرکەوتووی چاکسازی و گۆڕانکاریەکان لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەقازانجی سەرجەم چین و توێژەکان و ناوچەکانی کۆمەڵگاکەمان بەبێ جیاوازی..

- **بەڕێزان**

حەزمان کرد کە لەم وتارەدا بەکورتی باسی مێژووی دروستبوون و کارەسات و ڕۆڵی گەڵباخیان بەبەڕێزتان ئاشنا بکەین. کەوەکو هەموو هۆز و تیرەکانی کوردەواری تر ڕۆڵ و کاریگەری و بەشداری کوردانەی هەبوە لە ڕێڕەو و کاروانی خەباتی کوردایەتیدا دژ بەزوڵم و زۆرداری داگیرکەران وەستاونەتەوە.

## هۆزی گەڵباخی یان گەڵواخی

یەکێکە لە هۆزە گەورە و کاریگەرەکانی کوردستانی ئێران و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٤٩٤-١٥١٧ زاینی.

لەکاتێکدا کە (( عەباس ئاغا )) ی گەڵباخی بەبۆنەی ڕووداوێکی بنەماڵەییەوە ڕوو دەکاتە (( بێگە بەگی)) ی ئەردەڵانی, کە لە ماوەی سالأنی ١٤٨٠-١٥٢١ زاینیدا حکومەتی (( هەڵەبجە و قەلأی زەڵم )) و ناوچەی هەورامانی بەدەستەوە بووە. بێگە بەگ پلەی مۆرداری ئەردەلأنی دەداتە عەباس ئاغا لەبەر دڵسۆزی و دەستپاکیدا و دەیکاتە میری ناوچەکانی ژێر دەسەلأتی خۆی.

دوای دروست بوونی کێشە و لێکتێنەگەیشتن لە نێوان بێگە بەگ و عەباس ئاغادا بەهۆی زمان خراپی هەندێ کەسەوە , عەباس ئاغا لای بێگە بەگ جێدەهێڵێت لەگەڵ یارولأخانی خوشکەزایداو دەچنە لای شا تەماسەپی ئێرانی و دەکرێتە فەرماندەی گشتی هێزی چەکداری ولأتی ئێران و لە ئەنجامی گیانفیدایی و ئازایەتیدا لە شەڕێکدا دژی (( ئۆز بەگ)) ی دوژمنی شا و شکاندنی بەخراپترین شێواز. شا (( تەما سەپ)) ی سەفەویی حکومەتی (( بێڵەواریان)) پێ دەخشێ و بەم شێوەیە بۆ چەندین نەوە میرایەتی ئەو حکومەتە دەکەن.

## ناوی هۆزی گەڵباخی

- لەسەر چۆنێتی ناونانی هۆزی گەڵباخی چەند ڕاوبۆچونێك هەیە لەوانە :

١. دەگەڕێتەوە بۆ ناوی دێی (( گەڵباخ )) کە کاتی خۆی عەباس ئاغا ئاوەدانی کردۆتەوە.

٢. عەباس ئاغا باخێکی ڕەنگینی پڕ لە گوڵەباخی ڕازاندۆتەوە و و خۆشی پیاوێکی سەخی تەبیعەت بوە , هەرکەسێك بەلای باخەکەیدا ڕۆیشتوە بانگی کردوە بەزمانی تورکی ( گێل باغە ) واتە ( وەرە باغ ) ئیدی بەتێپەڕبوونی کات بۆتە گەڵباغ .

٣. بەهۆی بوونی گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و جوان بەناوی (( گوڵ باغی )) عەباس ئاغاوە ئەم ناوە بەسەر هۆزەکەدا دابڕاوە و دواتر بۆتە (( گەڵباغ )).

٤. ڕایەکی تر هەیە کە دەڵێت ئەم باغە لەناو گەلیەکدا بوە, واتە دۆڵێك لەناو دوو شاخی بەرزدا بووە.کە دەبێتە گەلی وەك (( گەلی عەلی بەگ )) بۆیە ناوەکەی بۆتە (( گەل باغ )) و دواتر بە تێپەڕبوونی کات بۆتە (( گەڵباغ )).**

٥. من بۆ خۆم وای بۆ دەچم کە ئەم باغەی عەباس ئاغا کە هەموو کەسی بانگکردۆتە ناویەوە وەك باغێکی گشتی لێهاتوە وەك (( باغی گشتی سلێمانی )) واتە (( باغی گەل)) و دواتر بە تێپەڕبوونی کات بۆتە گەڵباغ.***

٦. ڕایەکی تر دەڵێت کاتێك نێوانی عەباس ئاغا و بێگە بەگی ئەردەڵانی تێکچووە, و بێگە بەگ چەند کەسی ناردۆتە سەر عەباس ئاغا بۆ ئەوەی بیگرێت یان بیکوژێت , ئەمیش بە خزم و کەسەکانی وتوە دەبێت نەیەڵین بمانگرن یان بمانکوژن و دەبێت وەك (( کەڵ )) بەرگری لەخۆمان بکەین هەتا دەرباز دەبین , بەم

شێوەیە وەك (( کەڵ  یان کەڵە مێرد )) جەنگاون و دواتر ناوی (( کەڵ باغ )) بەسەر ئەو باغەدا دابڕاوە و بەتێپەڕبوونی کات ناوەکە بۆتە (( گەڵباغ )).****

جا ڕاستی بۆچوونەکان هەر کامێك بێت تازە ناوی گەڵباغ یان گەڵباغی بۆتە ناوێکی بەربڵاو و بەکارهێنراو لە دێر زەمانەوە و هەموانیش بەدۆست و دوژمنانەوە هۆزەکەیان بە گەڵباغی ناسیوە, هەربۆیە ئەو ناوە جێگەی شانازی ئێستا و نەوەکانیشمانە و هیچ پێویست بە گۆڕانکاری و دەستکاری ناکات و مایەی هیچ شەرمەزاری و نەنگیەکیش نیە بۆمان.

## تیرەکانی گەڵباغی

- گەڵباخیان لە ٨ تیرە پێك دێت کە هەموانیان دەگەڕێنەوە سەر عەباس ئاغای گەڵباخی کە لە دێی گەڵباخی ژووروو سەر بە هەورامانی ئەو کاتە لەدایك بوە.
- هۆزی گەڵباخی وەك لە کتێبی شەرەف نامەی میر شەرەفخانی بەدلیسیدا باسکراوە. بەم شێوەیە پێکهاتوە.لەم چەند تیرانەی لای خوارەوە:-

١. موراد گۆرانی
٢. چۆغەڕەشی
٣. قەمەری
٤. کاك سەوەندی
٥. گاملی

٦. هەمزەیی
٧. کوڵکنی
٨. پێتە وەسەری
٩. هەندێکیش پێیان وایە کە تیرەی هورمزیاریش سەر بە گەڵباخیانە..

گەڵباخیان ماوەی ١٠٠ ساڵ میرایەتی سەربەخۆی خۆیان هەبوە و لەلایەن حکومەتی ناوەندی ئێرانەوە بە میرایەتی ناسراون.دواتریش تا سەرەتای ساڵەکانی دەستبەکاربوونی حەمە ڕەزا شای ئێرانەوە ئیدارەی سەربەخۆی خۆیان هەبووە..

## گەڵباخیان بەگشتی لەم ناوچانەدا نیشتەجێن:-

حوسێن ئاوای سنە , خوڕخوڕەی سەقز , سارالّی دیواندەرە , قەرەتەوەرە.

## سنورەکانیان بریتی بوە لە:

بیجاڕ و تێکانتەپە و تیلەکۆی سەقز هەتاکو کەناری شاری سنە تادەگاتە ناوچەکانی شیوی سەقز و کۆماسی و کەلأتەرزانی مەریوان و هۆبەتوو.

- لەسەردەمی حکومەتی قاجاریاندا و لە ساڵی ١٩١٦ زاینیدا کاتێك پیاوێك بەناوی (( شەریف الدولە )) کرا بە حاکمی گشتی کوردستان و هاتە شاری سنە بەهاوکاری چەند سەرۆك هۆزێکی کورد کەوتە گیانی گەڵباخیان و چەندین جار هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکانیان و تالاّن و بڕۆی کردون و کوشت و کوشتاریانی کردوە تەنها لەبەر ئەوەی ملیان کەچ نەکردوە بۆ حکومەتی ناوەندی ئێران.

ئەم شەریف الدولەیە ٢١ سەرۆك هۆزی گەڵباخی و مەنمی و شێخ سمایلی گولە بارانکرد لە ١٩١٩/٤/١٩ دا.

- گەڵباخیان هەر لەساڵی ١٩١٦ وە هەمیشە بەرگریان لەمان و نەمانی خۆیان کردوە دژ بە سیاسەتی لەناوبردنی کاربەدەستانی ئەو کاتەی ئێران و زۆر جاران سەرکەوتنی گەورەیان وەدەست هێناوە بەسەر سوپای حکومەتدا, وەك شەڕی قەلاّی ئالۆلاّخ کە بەشەڕی (( کاپیتان )) بەناوبانگ بوە لەساڵی ١٩١٨دا.کە ئاخرین شەڕی گەڵباخیان بوە لەگەڵ قاجەریەکاندا و شەڕی گوندی دوەیسە.

## کەسایەتیە دیارەکانی گەڵباخی

١. ڕەشید سوڵتان کە لەساڵی ١٩٢٢دا کۆچی دوای کردوە
٢. مەجید عەمەر کە لە ساڵی ١٩٤٣دا لە سێدارە دراوە

## کۆچی بەکۆمەڵی گەڵباخیان (( ئەنفالی گەڵباخیان ))

کاتێك دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجاریان لەساڵی ١٩٢٥دا کۆتایان پێهات و بنەماڵەی پەهلەویەکان هاتنە سەر حوکم, تا ساڵی ١٩٣٧ هیچ شەڕ و پێکدادانێك لەنێوان گەڵباخیان و حکومەتدا ڕووینەداوە. بەڵام لە ساڵانی ١٩٣٥-١٩٣٦دا ڕەزا شای پەهلەوی دەستی کردە هێرشکردنە سەر گەڵباخیان و کۆچی بەکۆمەڵی پێکردن و دووری خستنەوە لە کوردستان بەرەو هەمەدان و کرمان و یەزد و ..شارەکانی تری ئێران .کە ئەم پڕۆسەیە وەکو پڕۆسەی ئەنفالی بەدناوی بەعسیەکانی عێراق وابووە کە ژن و منداڵ و پیروپەکەوتەی گەڵباخیانی بێسەروشوێن کردوە و گوند و ماڵ و سەروەت و سامانیانیشیانی بەتاڵان بردوە. کۆمەڵێکیشیان کە خۆیان دەرباز کردوە لەو پڕۆسە قات و قڕیەدا کە ١٥٠٠ ماڵ بوون ڕوویان کردۆتە کوردستانی باشوور.

ڕەزا شا لەساڵی ١٩٤٢دا ڕوخێنراو لە جێگەیدا محمەد ڕەزاشای کوڕی حوکمی گرتە دەست و لەو ساڵەدا زۆربەی گیراو و دوورخراوەکان توانیان ئازاد بن و بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە کوردستان.

دوای هەندێ شەڕ و شۆڕ و پێکدادان . حەمە ڕەزا شا و گەڵباخیان لە ساڵی ١٩٤٣دا ڕێکەوتنێکی ئاشتیان مۆرکردو

ئیدی لەو کاتەوە بە ئاشتی و ئارامی ژیان بەسەر دەبەن و کۆتای بە قۆناغێکی سەخت و دژوار و لەناوبردن هات.

## لە فەرمانڕەواکانی گەڵباخی

١. عەباس ئاغا
٢. یارولاّخان
٣. عەلی ئاغا
٤. حەیدەر بەگ
٥. محەمەد قولی
٦. حسین بەگ

## تایبەتمەندیەکانی گەڵباخیان

١. لێهاتوویی و لێبوردەیی لە هەموو بوارەکانی ژیانی چەکداریدا.
٢. سەخاوەتمەند و دڵ ساف و ڕاستگۆ لە بەرانبەر ئاشتی و دۆستایەتیدا.
٣. شارەزاو لێزان لە هونەری ئەسپ سواری و تیر ئەندازەیدا.
٤. ژنانی گەڵباخیان بەهەمان شێوەی پیاوانیان لە تیر ئەندازەییدا شارەزابوون.

## شێوە زمانی گەڵباخیان

لەکرمانجی خوارووی لە شێوە زمانی سۆرانی و بن لەهجەی ئەردەڵانی پێك هاتووە.

## ئەو شارانەی ئێران کە گەڵباخیانی تیادا نیشتەجێن:-

تاران,کەرەج,هەمەدان,سنە,سەقز,مەریوان,دیواندەرە,بیجاڕ, تیکانتەپەی هەوشار.

## لەکوردستانی باشوریشدا لەم جێگە و ناوچانەدا بڵاوبونەتەوە:

سلێمانی, کەرکوك , هەولێر, موصڵ , شارەزوور, پێنجوێن , هەڵەبجە , کفری , صمود , کەلار , دەربەندیخان , پشدەر , کۆیە , بازیان...

• بەڕێزان بەداوای لێبوردنەوە کە کەمێك درێژەماندا بە باسکردنی مێژووی گەڵباخیان. ئەوا ئێستا ئێمەی نەوەی باوباپیرانمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا بۆ بەمەبەستی :

١.	کۆکردنەوە و لێکنزیکردنەوە و ناسینەوەی ڕۆڵەکانی گەڵباخیان
٢.	نوسینەوە و زیندووکردنەوەی مێژوو و جوگرافیاو کەلتور و دابو نەریتی گەڵباخیان
٣.	بەدۆکۆمێنتکردنی کارەسات و سەرکەوتنەکانی گەڵباخیان
٤.	بەمەبەستی پێکەوە ژیان وکارکردن و هاوکاری لەگەڵ هۆز و تیرەکانی تری کوردستاندا .
٥.	لە پێناو دەرخستنی دڕندەیی و زوڵم زۆری کارەبەدەستانی ئەو کاتی ئێران و بە جینۆساید ناساندنی کارەساتەکانی ئەنفال و پاکتاوکردنی ڕەگەزی گەڵباخیان لە سەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەیی و دونیادا و شەرمەزارکردن و تاوانبارکردنی کاربەدەستانی ئەو کاتی ئێران خەبات دەکەین.وەك بەشێك لە پڕۆسەی لەناوبردنی گەلی کورد.

بۆ هەموو ئەم مەبەستانە ئەم کۆنگرەیەمان بەستوە بەهیوای ئەوەی لە ئایندەدا بتوانین ئەم جیاوازیە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بگۆڕین بە فاکتەری لێکنزیکبونەوە و بەهێزبوون و یەکگرتن و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری.

ئاشکرایە لە مێژووی زۆربەی خەباتی گەلانی جیهاندا هۆز و تیرە جیاوازەکان ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبوە . هەرچەندە لێرەو لەوێ و لەژێر کاریگەری سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤێنیانەی داگیرکەرانی کوردستاندا هۆزێك یان چەند کەسێك بونەتە چاوساغ و داردەستی داگیرکەران بەڵام بەخۆشحاڵیەوە زۆرینە نەبوون و ئەنجامیش ڕووڕەشی مێژوو نەوەکانی داهاتوویان بۆ ماوەتەوە.

- لەکۆتایدا. دەڵێین لەم سەردەمی جیهانگیریەدا و سەردەمی تێکەڵاوبوونی بەرژەوەندیەکان و پێکەوەنان و دامەزراندنی گروپ و تەکەتولاتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا ..مەبەستمان لەم کۆنگرەیە قوڵکردنەوەی جیاوزازیەکان و زیادکردنی ژمارەی سەنتەر و گروپ و ڕێکخراوەکان نیە. هەروەها ناشمانەوێت بەهۆی ئەم کۆبونەوەیەمانەوە دەسکەوتی مادیمان دەست بکەوێت.

بەڵکو تەنها مەبەستمان پاراستنی زیاتر یەکڕیزی گەلەکەمانە و چەسپاندنی ئاشتی و لێکتێگەیشتن و پێکەوە کارکردن و ژیانە بەمەبەستی جوانترکردن و بەهێزکردنی فوسەیفسائی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواریمانە و تۆخکردنەوە و زاڵترکردنی زیاتری ئینتیمای نیشتیمانی و نەتەوایەتیمانە بەسەر ئینتیمای ناوچەگەرێتی و هۆز و تیرەچێتیدا بەگیانێکی کوردانەی ڕەسەنەوە .

**وەك پەروەردگاریش لە سورەتی (( التوبة )) دا دەفەرموێت: ((وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ )) صدق الله العظيم**

**دووبارە بەخێربێن و سەرچاوانمان هاتن........**

---------------------------------------------

* بۆ نوسینی ئەم وتارە سوودم وەرگرتووە لە سەرچاوەی سەرەوە .
بەلای منەوە ئەم سەرچاوەیە گرنگی زۆری هەیە چونکە لەلایەك یەکەم سەرچاوەی کوردیە کە لەسەر گەڵباغیان نوسرابێت و لەلایەکی تریشەوە بە دەست و قەڵەمی رۆڵەیەکی گەڵباغیان نوسراوە, سەرەرای هەندێ رەخنە کە لێرەو ولەوێ لێی دەگیرێت بەلام هیچ لە نرخ و بەهای ئەم کتێبە کەم ناکاتەوە .هەربۆیە بۆ ناسینی زیاتری گەڵباغیان دەکرێت ئەم کتێبە بکرێتە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو.
** هەمان سەرچاوەی پێشوو
*** رای نوسەر
**** ئەم راوبۆچونەم لە یەکێك لە پیاوە بەرێزەکانی عەشرەتی گۆرانەوە بیست کە سەردانی سەنتەری رۆشنبیری گۆرانمان کرد لە بەرواری ٢٠١٢/٥/٢١دا کە ئەو بۆی گێڕاینەوە کە باوکی وای بۆ گێڕاوەتەوە و ناوی گەڵباغی بەم شێوەیە داکەوتوە و ناونراوە.

**سەرچاوەی یانزەیەم** : ڕشتەی مرواری( بەرگی ١-٨/ مامۆستا عەلاددینی سەجادی/ زستانی ٢٠١٠/سلێمانی /بەرگی یەکەم لاپەڕە ١٢

- کابرایەکی لەیلاخی تووشی کابرایەکی گەڵباخی بوو لێی پرسی : (( برا ناوت چەس؟ )) وتی : (( یوسف )) . ئەمیش پێی ووت : (( برای عازیز یوڵفس فرە خاسی شوکر ؟! توخوا برا ناو باوکت چەس ؟)) ئەویش پێی ووت : (( وەڕیش باوکتەوە.ناو خۆمت خاس زانی , جا نۆرەی ناو باوکمە)).

بەرگی سێیەم لاپەڕە ٢٧٦

- حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف بۆی گێڕامەوە وتی:

دوو تیرە لەو سەرە هەن یەکێکیان ( کاك سەوەنی )) و ئەویکەیان (( قەمەری )) یان پیێ ئەڵێن.تۆزێ ناکۆکی هەبوو لە بەینیانا. سمایلێکی ( بامۆکی) هەبوو مەلای سلێمان خانی سەرۆکی عەشیرەتی ئەم کاك سەوەنییە بوو.مەلا نوێژی ئەکردن و بە منداڵەکانیشیانی ئەخوێند.

کوڕێکی ئەم سلێمان خانە هەبوو لای مەلا ئەیخوێند. هەر لە ( ا ,ب,ت)) وە دەرسی پیێ وت تا گەیشتنە (( والشمس و القمر )). کە ئەگەنە ئەوێ کوڕە مان ئەکا و نایڵێت. مەلا ئەڵیێ: بۆچ دەنگ ناکەی؟ کوڕە ئەڵیێ (( مامۆستا تۆ نانی باوك و عەشیرەتی من ئەخۆیت و کەچی عەشیرەتی قەمەریت بەلاوە گەورەترە و ئەوان سەرئەخەی بەسەر ئێمەدا !))

مەلا زۆر سەری سووڕ ئەمێنیٚ,ئەڵیٚ ئەمە مانای چییە؟ ئەڵیٚ : (( ئەی ئەوە نییە تۆ ناوی قەمەرە دێنی لە (( قورئان)) دا وهیچ گویٚ بە ئێمە نادەی !))

مەلا ئەمجا تیٚ ئەگا و ئەڵیٚ : ڕۆڵە ئەمە بەدەست من نییە و ئەمە قورئانە,خۆ من دام نەناوە, هەر چەند قسە ئەکا کوڕە ناچیٚ بە گوێیدا و نایڵیٚ و ئەچیٚ بۆ شکات بۆ لای باوکی.کە باوکی تیٚ ئەگەیەنیٚ, باوك خراپتر! مەلا بانگ ئەکا و پێی ئەڵیٚ : (( تۆ نان خۆر و بەرگ دڕی منی , کەچی ناوی (( قەمەر )) ی سەگباب دێنی و ناوی کاك سەوەنی بەو نەجیمی و پیاوەتیەوە ناهێنی لەو قورئانەدا کە بە کوڕەکەمی ئەڵێیت؟ دەسا هەر سیٚ تەلاٚقی ئەم سمایل خانە کەوتبیٚ ناوی کاك سەوەنیش نەخەیتە قورئانەوە بە گوللەیەك ساردت دەکەمەوە.هەی بکەم وەقنگ دایك خۆت و تەغارێك عەشرەتتەوە!)). مەلا ئیتر دەمی ئەبیٚ بەتەڵەی تەقیو و هیچی پیٚ ناوتریٚ , هەر ئەوەندە نەبیٚ کە ئەڵیٚ : خان ئەمە فەرمایشتی خوایە و من چۆن دەستی لێبدەم ؟ خۆ بەدەست من نییە.خان پێی ئەڵیٚ : من ئەمانە نازانم هەر ئەوەیە کە پێم وتیت!

مەلا ناچار ئەچێت قورئانەکە دێنێتە پێشەوە و تیایا ئەنوسیٚ (( والشمس وکاك سەوەنی والقمر)) و بەیانی کوڕەکە دێتەوە بەم جۆرە پێی ئەڵێت. کوڕە لە خۆشیانا پێی ناکەوێتە

عەرز.ئەچێتەوە بە باوکی ئەگێڕێتەوە. باوکی ئەنێرێ بە شوێن مەلادا و خەڵاتێکی باشی ئەکا.ئەمجا مەلا ئەڵێ :

(( خان! من هەر بەمەوە ناوەستم, هەر ئێستە ئەنێرم هەرچی قورئان هەیە بیهێنن و هەمووی ئەکەم (( والشمس وکاك سەوەنی والقمر)). خان بە جارێ لە خۆشیانا شێت ئەبێ و ئەنێرێ دوو ئەوەندەی تر خەڵاتی مەلا ئەکەن.

بەرگی پێنجەم / لاپەڕەی ٥٢٣

- کارەساتی ڕۆژەکان زۆر سەیرە,پەردە ئەداتە لاوەو وەکوو پەردەی ئەلبوم کە لەهەر لاپەڕەیەکیا چەند وێنەیەك هەیە یا وەکوو دێوجامە گەلێ ڕەنگی تێدا هەیە!

جەنگی ١٩١٤-١٩١٨ دوای هات,تەنها ١٧ ملیۆن کەسی تیا کوژرا و ٢٦ ملیۆنیشی بریندار و پەککەوتوو بوون. لەئەنجامی ئەم شەڕەدا کە دوایی هات گرانی و تاعوون و ڕشانەوە و بەدبەختی و دەربەدەری, بوون بە بەشی کوردەواری,بەڵێ دەستدار بێ دەستی ئەخوارد هەرکەس بۆ خۆی پڵاوی سەند. هەندێ لە عەشایر بوون بە ئاگر و کەوتنە گیانی خەڵکی تر.

عەلی محمد خانی شەریفودەولە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە لە ناوەندی ١٩١٨ کرا بە حاکمی وڵاتی ( سنە). لە ڕاستیدا وڵاتی سنە – کە وڵاتی ئەردەڵان بوو– وڵاتێکی بە تەواوی ئاڵۆزاو بوو. هەموو ئەو ئاڵۆزاویەش ئەوە بوو کە جەنگی یەکەم هەرچەندە

بەناو بەسەر چووبوو, بەلاَم بەدبەختی و پاشەلەقەی شەڕ تازە دەستی پیێ ئەکرد, لەو ماوەیەدا و لەپێش ئەو ماوەیەشدا هەموو ئەو ولاَتە وەکوو ولاَتانی تر بوبوو بە پاشاگەردانیێ, کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە,دەورەی عەشایری بەهێز زۆر لە باوا بوو, لەناو شارەکەدا دوو بەرە بەناوی (( سووسیال)) و (( دیموکراس))ەوە پەیدا بوون, لەدەرەوە عەشرەتەکانی ( گەڵباغی )) و (( مەنمی)) خەریکی سەربزێوی و چەپاوکردن بوون, فڕکان فڕکانیێ بوو کیێ ئازا بوو نانێکی بۆ خۆی بفڕاندایە, پێش ئەوەش ڕووسی قەیسەری شکاو,لەشکری شکاوەی داخ لە دڵێ کە بگەڕێتەوە ئەبیێ چی بکا و چی کردبیێ ؟

- ئەم دوو عەشرەتی گەڵباغی و مەنمییە بەڕاستی زیانییان ئەگەیاند بە مەردم,بەلاَم هەموو زیان گەیاندن ڕەوای هەق نەبوو, هەر بدرێتە لای ئەوان, کە ( شریف الدولە) هات هەندیێ کەس لەو ڕۆژەدا خۆیان دایە پاڵی و دەستیان کرد بە خۆبردنە پێشەوە لەلای ئەو.لەناوبردنی گەڵباغی و مەنمی بوو بە دەستەگوڵێك و درا بە دەست ئەو شەریفودەولەیەوە کە باتەقە زەلامیێ هاتە ناو شاری سنەوە,لەڕۆژێکا کە حکومەتی قاجاڕیش زۆر بە عەزیەت هەناسەی ئەدا. کەوابوو ئەمە وەکوو پەندە کوردییەکەیە کە ئەڵیێ (( کردەی کەر و خوردەی یابوو بوو)): یا بەقسەیەکی تر ئەڵیێ : (( کیێ کردی و کیێ خواردی ؟ ))

من لەم درێژە پێدانەم مەبەستم یەك شتە, مەبەستم دەرخستنی ئەستێرەژمێریی یەکێك لەو گەڵباغیانەیە کە ( ئاغە براخان))ە.

ئەم ئاغە براخانە پێیان ئەوت ( قیبلەی عالەم ) و یەکێك بوو لە سەرۆکە گەورەکانی گەڵباغی. پیاوێکی ڕیش سپی قەڵەوی تا ئەندازەیەك کەڵەگەت بوو,لەناو هەموو گەڵباغی و مەنمیدا لەم ڕوەوە ڕاست بوو قیبلەی هەموو لایەکیان بوو,هەر حسابێك ئەو لێکی بدایەتەوە وا دەرئەچوو,بەو بۆنەوە گەلێ پرس و ڕایان لەدەست ئەودابوو.

کە شەریفودەولە چووە ولاّتی سنە ئەم قیبلەی عالەمە ووتی: (( ئیتر ئەستێرەی ئێمە لە لێژی دایە)). پێش ئەوە کە ( عەزیز)) و (( تەکش)) بگیرێن قیبلەی عالەم خەبەریدا کە دەوروبەری کێوی (( زێراوا)) زۆر بەتاریك ئەبینم,ئەستێرەی عەزیز و تەکشم بەرچاو ناکەوێ.لەڕاستیدا عەزیز و تەکش کە دوو برابوون و ناوبانگی ئازایەتیان دەرکردبوو لەو شەڕەدا گیران و تیر باران کران.

پێش لەناوبردنی عەزیز و تەکش خەبەریان دایە کە عێلجاری عەشایەری ڕەوانسەر و لهۆن بە پشتیوانی حکومەتی عەجەم لەوانەیە گەڵباغی و مەنمی لەناو بەرن,هەرچەندە ئەم لەشکرە لەشکرێکی زۆر بوو,هەرچەندە جەنگێکی گەورە لە کێوی ( تەورێز خاتوون)) و (( عەباس بەگ))دا بوو,بەلاّم قیبلەی عالەم

**پێیووتن لەم جەنگەدا ئەی گەڵباغی و مەنمی خەمتان نەبێ سەرئەکەون, لەڕاستیدا لەگەڵ ئەو هەموو عێلجاڕەش کە لێیان کرا وەکوو ئەو وتی هەر سەرکەوتن.**

**ڕۆژگار هەر کەتنی بە گەڵباغی و مەنمی ئەدا,قیبلەی عالەمیش یەکە یەکە ئەمانەی باس ئەکرد,ساڵی ۱۹۱۹ هات, وتی: (( ئەم ساڵە زۆر شوومە,ساڵی ۱۳۳۸ ی هیجری (( ۱۹۱۹ ز)) ساڵی قڕانی گەڵباغی و مەنمییە))!**

**کەدام و دەزگای شەریفودەولە بەهۆی کوڕەکانی دەورو بەریەوە پەرەی سەند قیبلەی عالەم چوو بۆ سەقز بۆلای غیاسودەولە(** غیاث الدولة), **ئەو چوونە ئاخر نەگبەتییەك بوو کە ڕووی تێکرد.واتە قیبلەی عالەم لەوێ گیری خوارد.لە ئەنجاما ئەوانەی کە گیریان خوارد و کەوتنە ناو داوەوە بە بەندی هێنران بۆ سنە.لەیەکەم شەوی مانگی ڕەجەبی ساڵی ۱۳۳۸ ی هیجری (( ۱۹۱۹ ز )) لە بەندیخانەی سنەبوو,هەژدە کەسی تر لە هاوڕێکانی لەگەڵی بوون دەوریان لێدا و وتیان (( قیولە چۆن ئەوینی ؟)) وتی : (( کوڕگەل ئەگەر سۆزی نەکوژرگێن هەسارەی ئێمە تا هەزار ساڵی تر وەها وە ئاسمانەوە))! بەڵام کە کەوتنە سبەینێ هەموو بە تیر باران کردن و بەچاڵنان و بە خنکاندن کوژران.لەشەکانیان لەبەر دەرماڵاَ خرانە ناو دیوار و هەر یەکە بەردێکیان خستنە سەر و ناو ناونیشان و کردەوەیان لەسەر بەردەکە هەڵکەند, کوژرانی ئەمانە دوو حەفتەی خایاند, بەڵام**

قیبلەی عالەم لە یەکەم ڕۆژدا تیر باران کرا.ئەوانەش کە لەو چەند ڕۆژەدا کوژران بۆ ئاگاداری مێژوو ئەمانەبوون:

## لە گەڵباغی :

١- ئاغا براخان: قیبلەی عالەم
٢- سەرداری کوڕی قەیتول
٣- فارس خانی ڕەئیس
٤- محمەد خانی ڕەئیس
٥- میرزا عەولاّی سەیفولعەشایەر.

## لەمەنمی:

١- فەرەج خان
٢-عەولاّخان
٣-مەحمود بەگ
٤-عەولاّبەگی کوڕی شا محمەد بەگ
٥-سەید حەمەد خانی سەرهەنگ
٦-مەلك محمد خان
٧-نور محمەد خانی ئێلخانی
٨- مستەفا بەگی کوڕی حەمەد بەگ.

## لە شێخ سمایلی :

١- عەزیز خانی برای مەحمود خانی سەردار ئیقبال
٢- مستەفا خانی برای حەمەد مراخانی ئێلخانی

٣-مەجیدخانی کوڕی سارم لەشکر

٤-مەحمود خانی سەردار ئیقباڵ کوڕی حەمە مرادخان.

ئەمانە بەم جۆرە لەناوبران,لەو ڕۆژەدا زۆر کەس لە کوردەکان بۆ بردنە پێشەوەی خۆیان هاوکارییان لەگەڵ شەریفودەولەدا دەکرد,ئەو شەریفودەولەیە کە بەتاقە زەلامێ لەلایەن حکومەتی قاجارییەوە هاتە سنە,ئەو حکومەتی قاجارییەی کە تەنها دەنگی هەبوو ڕەنگی نەبوو.من لایەنگری ئەو کەسانە ناکەم کە پیاوخراپ و خراپەکارن,سەرۆکەکانی گەڵباغی و مەنمیماڵی گەلێ کەسیان وێران کرد,گەلێ تالآنیان کرد,گەلێ ژنیان بێوەژن کرد و منداڵیان هەتیو خست, بەڵام ئەمانە هەمووی لەڕووی نەزانی و بێ خاوەنییەوە بوو. ئەگەر خاوەن و ڕێپیشاندەرێکی ببوایە بەو جۆرە دەرنەئەچوون.جارێکی تر دایکێکی تر کوڕێکی وەکو عەزیز و تەکش ناهێننەوە.ئەگەر کوردەکە خۆی خۆخۆری نەکردایە ئەو کوڕانە بە پیاوێکی وەکو شەریفودەولە لەناو نەئەچوون.سەیرەکە ئەوەیە کورد خۆی گەڵباغی و مەنمی لەناوبرد,کەچی ئازایەتی و پیاوەتیەکە درایە پاڵ شەریفودەولە.کوردەکە ئافەرینێکی شەریفودەولەی کردە تاجە گوڵینەیەك و کردیە سەری.کەچی نە تاجە گوڵینەکەی بۆ مایەوە و نە ئەو کوڕە ناودارانە! لە مێژوودا تائێستا هیچ کەس کوردی لەناو نەبردووە تەنها کورد خۆی نەبێ.کەئەمە بە شانازی زانیوە.

یا ئەمە ئەگەر بەدبەختی و ماڵ وێرانی نەبێ بۆ کورد چ ڕەوای هەقە کە خەلیخانی نەڕانی بە قسەی شەریفودەولە بۆ شاڵێکی تورمەی خەلاتیی, سێ برای بڕبڕە پشتی خۆی وەکو سنجەرخان و ئەحمەد خان و یەدوللاخان لە ڕۆژی هەینی ساڵی ١٣٣٩ی هیجری(( ١٩٢٠ ز )) لەماڵی خۆیدا بکوژێ ؟کێ بکوژێ؟ سنجەرخان بکوژێ.کام سنجەرخان ؟ ئەو سنجەرخانەی کە وەکو کێوێکی پۆلایین لە ڕووی ڕووسی قەیسەری و حکومەتی قاجاریدا وەستا بوو,فۆلکلۆرەکانی ئەو ڕۆژە بۆ کوژرانی سنجەرخان لە (( میاوەران )) و(( نەڕان )) و (( سنە)) دا ئەوترا لام وایە وەچەکانی ئێستە و وەچەکانی دوای ئێستەش هەر بەسەر زاریانەوەیە و بەسەر دەمیانەوە دەمێنێت.هیچی تر گوزارشت لەمە ناداتەوە تەنها ئەوە نەبێ کە ئەڵێ (( ئەگەر دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ)).

## • بەرگی هەفتەم لاپەڕە ٧٢١

- گەڵباغیەکان وەختی خۆی تالان و ڕێگرییان ئەکرد .ترسیان چوبوە دڵی خەڵکەوە . دنیاش ئاسایشی نەبوو . هەرکەس بۆ خۆی بوو,لەبەر ئەوە بێکارە و مێ کارەش ئەچوون ڕێگرییان ئەکرد.بەلام گەڵباغییەکان ترسێکی وایان بردبوە دڵی

خەڵکەوە هەرکەسە ڕێگری بکردایە عالەمەکە هەموو بە گەڵباغییان ئەزانی و زوو خۆیان ئەدا بەدەستەوە.
ڕۆژێك ژن و پیاوێکی( مارنج ) ی ڕێیان ئەکەوێتە ئەو ولاّتە,دەستەیەکی ڕێگر بەناوی گەڵباغیەوە ڕێیان پێ ئەگرن,کابرا تفەنگێکی پێ ئەبێ تفەنگێکیان تێ ئەگرێ. ڕێگرەکان هەندێ دوور ئەکەونەوە ڕێگەکە بەرەلاّ ئەکەن.پاشان ئەگەڕێنەوە,کابرا تفەنگێکی تریان تێ ئەگرێ فیشەك دەرناچێ.لەوە زیاتریش فیشەکی پێ نییە.ڕێگرەکان ئەزانن فیشەکی پێ نەماوە گەمارۆیان ئەدەن,ژن و پیاو لەیەك دائەبڕن, ژنە ئەگرن و پیاوەکە هەڵدێت .بەژنەکە ئەڵێن ڕووتەوەبە چیت پێیە داینێ و بڕۆ. ژنە ئەڵێ:من یەك تاکە ئەشرەفیم پێیە,ئەوە تاکە ئەشرەفیەکە,بەلاّم پیاوەکەم هەموو ئەشرەفیەکانی منی خستۆتە گیرفانیەوە.ئەوا لە دەستتان دەرچوو.حەز ئەکەن ناو وناونیشانتان ئەدەمێ کە لە گیرفانی لای ڕاستیدایە.
تومەس ئەمە وەختی خۆی کە لەماڵ دەرچوون چەند فیشەکێك لەمالاّ بوو ژنە هەڵیگرتۆتەوە و خستویەتیە گیرفانی لای ڕاستی مێردەکەیەوە.
جەردەکان کە ئەمە ئەزانن هەڕا ئەکەن بەشوێن کابرادا.لێك دوور ئەبن.ئەو هەڕا ئەکا ئەمان هەڕا ئەکەن.لێی نزیك ئەکەونەوە بەجۆرێکی وا کە دەنگیان ئەیگاتێ بانگی لێ ئەکەن کابرا ئەو

ئەشرەفیەی کە لە گیرفانی ڕاستتایە داینیٚ و خۆت بڕۆ, ئەوا ژنەکەشت بەرەڵا ئەکەین.ژنی خۆیشت بەرەوە.
کابرا لەم قسەیە زۆر سەری سڕ ئەمێنیٚ ,ئەشرەفی چی و شتی چی ؟ کەی ئەم ئەشرەفی پێیە؟ جەردەکان لێی نزیك ئەکەونەوە و هەر هاواریش ئەکەن وەکو بڵێی کابرا خۆیشی ئەکەوێتە شکەوە.دەست ئەکا بە گیرفانیا هەر بەدەم ڕاکردنەوە ,کەچی فیشەك دیٚ بەدەستیەوە.فیشەك دەردێنیٚ ئەیخاتە سەر تفەنگ.لا ئەکاتەوە و تفەنگیان تیٚ ئەگریٚ ڕێگرەکان ئەسڵەمێنەوە , تفەنگێکی تریان تیٚ ئەگریٚ ئەڵیٚ : ڕاوەستن . لەو لاشەوە ژنەکەی دێت ,تفەنگی سێیەمیان تیٚ ئەگریٚ ئەڵیٚ : دەست بەرزەوەکەن و ڕووتەوە بن, لولەی تفەنگەکەیان تیٚ ئەگریٚ و دەستی لە کارایە, ژنە دێت ئەڵیٚ جاریٚ بێنن ئەشرەفیەکەی خۆم, پاش ئەوە لوس و باریك چییان پیٚ ئەبیٚ لێیان وەرئەگریٚ و ئەڵیٚ بڕۆن. بانگ ئەکەن لە کابرا ئەڵێن بڕۆین؟ ئەڵیٚ : بڕۆن . پیاوە دێت ناوچەوانی ژنەکەی خۆی ماچ ئەکا و ئەمانیش ئیتر ئەڕۆن.

*　　　*　　　*

*　　　*

*

**سەرچاوەی دوانزەیەم** : **ئینسایکلۆپیدیای گشتی/ بەرگی سێیەم/ چاپی دووەم/ یاسین صابر صاڵح/ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ سلێمانی / ٢٠١١**

**لاپەڕەی ١٥٨**

**گەڵباخی( گوڵباخی )**Gulbaki

**هۆزێکی کوردی ناوچەی ئەردەڵانی کوردستانی خۆرهەڵاتە, ژمارەیان نزیکەی ٥٠٠ خێزانێك دەبێت لە دەوروبەری ( هەوا جۆ) دا نیشتەجێن.**

*　　*　　*

*　　*

*

**سەرچاوەی سیانزەیەم** : مێژووی مەردۆخ / مێژووی کورد و کوردستان / شێخ محمەد مەردۆخی کوردستانی / ئایەتوڵا مەردۆخ / وەرگێڕانی لە فارسیەوە / زانەر محەمەد / چاپخانەی ڕۆژهەڵات / چاپی یەکەم / هەولێر/ ٢٠١١

**لاپەڕە ١١٤-١١٥**

**گ - :**

**٧. گوڵباغی:**

**دوو هەزار بنەماڵەن و لە هوباتو و سارالێ و قەرەتۆرە نیشتەجێن, لە ڕۆژگاری شا تەهماسب لە شیرازەوە بۆ کوردستان هاتوون ( کۆچیان پێکراوە).لە قۆناغی پەهلەوی بۆ هەمەدان و سیادوون و تاران دوور خراونەتەوە.گوڵباغیەکان هەشت تیرەن: قەمەری ,گاملی , کاکسەوەندی , موراد گۆرانی , چۆخەڕەشی , پەستوەسەری , هەمزەیی , کوڵکنی.**

## لاپەڕە ٢٨٢

## عەشیرەت و خێڵەکانی سنە

**٣٤. گوڵباغی**

**خێڵی گوڵباغی هەشت تیرەن: موراد گۆرانی,قەمەری (قوەمری) , گاملی , کاکسەوەندی , چۆخەڕەشی , پیتاوەسەری ,هەمزەیی ,کوڵکنی.**

## لاپەڕە ٣١٣

## ساڕاڵ ,هۆباتو, قەرەتۆرە

**ئەم سێ ناوچەیە بەیەك ناحیە هەژمار کردووە, لەباکوری شار جێگیرە بە دووری دە فەرسەنگ تا دوانزە فەرسەنگ.٨٢ گوندی هەیە, هۆباتوو یەکێکە لە سێ ناوچەکە , کەش و هەوایەکی ساردی هەیە و بەزۆری لە بەر بەفر و سەرما,چوار مانگ ڕێگاکەی دەبەسترێت. ئەم ناوچەیە لە بەهار و هاوین,بەجۆرەکانی گوڵ و ڕێحانە دادەپۆشرێت و لە باشترین شوێنەکانی کوردستانە . ناوچەیەکی بەرزە و زەوییەکانی تەختە.سەرچاوەی ئاوی شیرین لەم سەر زەمینە فراوانە.دانیشتووی تیلەکۆ بەهۆی نزیکی.بەردەوام هاوینان و بەهاران لەو ناوچەیە بەسەر دەبەن. پانی و درێژیەکەی ١٠ فەرسەنگە.ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە**

دوانزە هەزار کەس . تایەفەکانی مەنمی و گوڵباغی لەم سێ ناوچە دەژین.

## لاپەڕە ٦١٩-٦٢١-٦٢٢-٦٢٤-٦٢٥-٦٢٦-٦٢٧ - ٦٣٠ -٦٣١-٦٣٢

## حکومەتی عەلی محەمەد خانی شەریف ئەلدەولە

## لاپەڕە ٦٢١-٦٢٢

چەند ڕۆژ دواتر شەریف ئەلدەولە و قونسولی ئینگلیس , بەمەبەستی گەڕان و سەیران دەڕۆنە داوێنی ئاویەر,سالار ئەشرەفیش لەخزمەتی حکومەتدا دەبێت.لەناکاو چەند سوارێکی گوڵباغی دەردەکەون و لەکەنار شارەوە هێرش دەکەنە سەر چیای ئاویەر,ڕانەمەڕ و گایەلی دانیشتوانی شار لەو ناوچەیە بەبەرچاوی حکومەت و قونسوڵخانەی ئینگلیس,تالأن دەکەن.

لە ١٦ ڕەجەبی ١٣٣٧ ( ١٩١٨ ز), لە دەرئەنجامی بروسکەی شەریف ئەلدەولە بۆ دەوڵەت,فەرمانی سەرۆکایەتی مەعاریف و ئەوقافی کوردستان لەلایەن نەسیر ئەلدەولە,وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی, بە ژمارە ٥٥٦٩, بۆ من دەردەکرێت و ئەو

پۆستەم گرتە دەست, دواتر بە تەیارە بەیانیان لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر گوڵباغی و مەندەمیەکاندا بلاْوکردەوە ومۆڵەتی بیست رۆژیان بۆ دیاریکردن کە ئەگەر لەو ماوەیەدا گوێڕایەڵی و ملکەچی خۆیان نیشاننەدەن, چیتر ڕێگەی تۆبە و پەشیمانیان لێ دادەخرێت,لەم کاتەدا سەردار ڕەشید لەسەر داوای دەوڵەت, هاتە کوردستان و لە پانزەی شەعبانیش تەیارەیەك بۆ قونسولی ئینگلیس لەشارەکە نیشتەوە,حیزبی سۆسیالیش کەمکەم فراوان و گەورە و حیزبی دیموکراتیش بەرەو ڕووخان هەنگاوی دەنا, لەمناوەدا چەند بەڵگەیەکی نوسراو لەناوچەی مەندەمی و گوڵباغی بەدەستمان گەیشت کە بزوێنەری ئەوان بۆ خراپەکاری و تالاْنکارییەکان, کۆمیتەی حیزبی دیموکرات بوو: حاجی شێخ ئیبراهیم و سالار ئەشرەف و حاجی مەزهەر ئەلئیسلام و ڕەمەزانزاددە و ...هتد.

## لاپەڕە ٦٢٤-٦٢٥

ڕۆژی ٨ ی ڕەمەزان, سەرداری ڕەشید لەگەڵ هێزەکانی فەڕەنسا و جوانڕۆ و لهۆن بەمەبەستی سەرکوتکردنی عەشیرەتی گوڵباغی ڕۆشتنە گرێزە,هەرچەند هاتنی سەردار لەسەر داوای شەریف ئەلدەولە بوو بەلاْم مەبەستی سەرەکی ئەو تۆڵەسەندنەوەی ساڵی ١٣٣٦ ( ١٩١٧ ز) بوو لە گوڵباغیەکان بەشێوەیەکی خراپ

مامەڵەیان لەگەڵ کرد, ڕۆژی دواتر سەردار ڕەشید لەگەڵ هەموو هێزەکانی کە زیاتر لە دوو هەزار سوار و هەزار تفەنگچی لهۆن دەبوون,هاوڕێ لەگەڵ شازادە ئەکبەر میرزا,لەگەڵ سێسەد ژاندارم و دوو تۆپ هاتن و بەرەو ناوچەکانی مەندەمی و گوڵباغی بەڕێکەوتن,حیشمەت ئەلمولك لەگەڵ سەد سوار, پەیوەستی سوپای ژاندارم ببوو,لەچیای توڕێزخاتوون و عەباس بەگ,ڕووبەڕووی هێزی گوڵباغی و مەندەمی دەبێتەوە,سەرەتا سوارەکانی ڕەوانسەر پاشەکشە دەکەن و سەردار و ئالآکەی بەتەنیا جێدەهێڵن تا تفەنگچیەکانی جەعفەر سوڵتان کە لەسەر لووتکەی چیاکەی سەنگەریان گرتبوو لەگەڵ سوارەکانی وەلەدبەیگی هێرش دەبەن و ڕیسواییانە شکست بە گوڵباغی و مەندەمیەکان دەهێنن,سوارەکانی وەلەدبەیگی و تفەنگچیەکانی لهۆن لەو ڕۆژەدا بوێرانە جەنگاون بۆ نمونە سۆفی بەگ لەگەڵ ئەوەی لەسێ شوێنەوە بریندار دەبێت,دووبارە بە تەنیا حەوت کەس دەکوژێت و سێ کەسیش ئەسیر دەکات ,زۆربەی سەرکردەکانی گوڵباغی و مەندەمی لەو جەنگەدا کوژراون و هەموو مەڕ و مالآت و سامانەکەیان تالآنکرا,لە ئەنجامی ئەم جەنگە, دەستەیەك لە مەندەمیەکان پەنایان بۆ هەورامی ڕەزاو برد و دەستیەك لە گوڵباغیەکانیش پەنایان بۆ مەحمودخانی مەریوانی برد و پاشماوەکەیان لە شوێنەکانی خۆیان,دووبارە سەرقاڵی خراپەکاری و تالآنکردن بوونەوە.

## لاپەڕە ٢٢٦–٢٢٧

لە دەیەی کۆتایی زیلقەعیدە,شەریف ئەلدەولە,شازادە ئەکبەر میرزای لەگەڵ ژاندارمەکان و حیشمەت ئەلمولکی بۆ ئەفراسیاب نارد تاڕێگە لە خراپەکاری و تالآنکاری مەندەمی و گوڵباغییەکان بگرێت.خۆیشی لەژێر ناوی گەڕان و سەیران لەگەڵ قونسولی ئینگلیس و وەکیل ئەلمولك و سەردار ئەعزەم و سەردار موعەزەم بەرەو سەقز و بیجاڕ بەڕێکەوت,کاتێك دەگاتە قەلآکۆن,حەبیب الله خانی ئێلبەگی دەگرێت کە بۆ پێشوازی کردنی هاتبوو و لەگەڵ خۆی دەیباتە سەقز و لەوێ  لەگەڵ ڕۆستەم خانی بانەیی لەداریان دەدات.مەندەمیەکان لە هێزەکەی ئەفراسیاب دەترسن و لەگەڵ ژن و منداڵ و مەڕ وماڵآتیان بەرەو چیای زێڕاوە بەڕێدەکەون.عەزیز و تەکش ناوێك سەرقاڵی تالآنی و خراپەکاری دەبن.شازادە ئەکبەر میرزا,حیشمەت ئەلمولك بۆ سەرکوتکردنی ئەوان ڕەوانە دەکات,حیشمەت ئەلمولك شەوانە بە چیاکەدا هەڵدەگەڕێت و ڕووبەڕووی عزیز و تەکش دەبێتەوە کە لەگەڵ دوو برای دیکەیان,ئەبولمحەمەد خان و عەبدولسەمەد خان,هەموویان لەیەك جێگە کۆبونەتەوە,دوای جەنگێکی قورس,هەر چوار براکەو گوڵ محەمەد خان و چەند کەسێکی دیکە ئەسیر دەکەن.عەزیز و تەکش لەناو سوپاکەدا تیرباران دەکرێن و ئەبولمحەمەد خان و گوڵ محەمەد خان و عەبدولسەمەدخان و کەسانی دیکە دێننە شار و دوای ماوەیەك لە پشت گۆڕستانی تایلە تیرەباران

دەکرێن,عەبدولقادری پیاوی حیشمەت ئەلمولك,کە کەسێکی بوێر و زیرەك بووە,لە جەنگی عەزیز و تەکش دەکوژرێت.بوێری حیشمەت ئەلمولك لەم جەنگەدا بەناوبانگە.

شەریف ئەلدەولە چەند ڕۆژێك لە سەقز دەمێنێتەوە و لەوێوە دەڕواتە بیجار,ڕۆژی ٦ ی زیلحیجە بۆ شار دەگەڕێتەوە. شەوی هەینی ٢١ ی موحەڕەممی ١٣٣٨( ١٩١٩ ز),شێخ ئەحمەدی ڕەئیس ئەلمەشایخ دەمرێت,سەرکردەکانی مەندەمی کە بریتیبوون لە نور محەمەد خانی ئیلخانی و سەید محەمەد خانی سەرهەنگ و فەرەج خانی برای شا و عەبودلاّ خانی برای حەبیب خان ,دەڕۆنە لای سوپاکەی ئەفراسیاب و لەویٚ گرفتار دەبن.ئاغای براخان قیبلەی عالەم کە ڕۆشتووە سەقز بۆلای غیاس ئەلدەولە,لەو شارە گرفتار دەبێت و هەموویان بە فەرمانی حیشمەت ئەلمولك,ڕەوانەی شار دەکرێن,سەرباز و مۆسیقا تا چیمەنی موعتەمید پێشوازییان لێدەکەن و لەناو قەرەباڵغی دانیشتوان دەڕۆنە ناو شارەکە.

موشیر دیوان دەبێتە دەستەبەری مەندەمیەکان و حکومەت ئەوان تەسلیم بە موشیر دیوان دەکات,لە ئەنجامی ئەم ڕێگا چارە,هەموو سەرکردەکانی عەشیرەتەکان کە بریتی بوون لە مەحمود خانی کانی سانان و مەموحد خانی دزڵی و فارس خانی ڕەئیس و محەمەد خانی صاڵح خانی ئەمیر ئەلعەشایەر,هەموویان دێنە شار و پەنا بۆ تەویلەی حکومەتی دەبەن,حکومەت مۆڵەتیان پێدەدات

و هەمووان لەناو شاردا نیشتەجیٚ دەبن و ئازادانە دەسوڕێنەوە,شەوی دووشەممەی ٤ جومادی ئەوەل,حاجی محەمەد عەلی خانی سەردار دەمرێت,شەریف ئەلدەولە لەگەڵ هەموو زاناکان و پیاو ماقولاّنی شار و سەرکردەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان,لەپێش جەنازەکەوە ڕێگە دەبڕێت و بەو پەڕی ڕێزەوە تا ئیمامزادە پیر عومەر لەگەڵی دەڕۆن.

## لاپەڕە ٦٢٨

## جەژنی نەورۆزی ١٣٣٨هیجری ( ١٩١٩ ز)

## لاپەڕە ٦٣٠-٦٣١-٦٣٢

بەڕێز شەریف ئەلدەولە فەرماندەی کوردستان و گەڕووس کە لە لایەن دەوڵەتی خاوەن شکۆوە,بەڕەسمی بۆ گەڕاندنەوەی نەزم و ئارامی و ڕێگرتن لە پێشهات و کارەساتە نەویستەکان ڕەوانە کراوە, لەگەڵ گەیشتنی بۆ کوردستان بەدوای سەرچاوەکانی خراپەکاری و ئاژاوەدا گەڕا. ئەوانەی هەموو بەڵگە ئاسمانیەکان,تاوانەکانی ئەوانی پشت ڕاست دەکردەوە و بەڵگەی پێویست بۆ سەلماندنی تاوانەکانیان لەدەستابوو, بەسزای کردەوەکانی خۆیان گەیشتن. بۆ گەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامی و زیندووکردنەوەی ناوی دەوڵەت, باری نائاسایی لە شارەکەدا

ڕاگەیاند و دواتر بۆ کۆتایی هێنان بە خراپەکاران و سەرکوتکردنی تایەفەکانی مەندەمی و گوڵباغی و ...هتد.سوپایەکی گەورەی پێکهاتوو لە سوار و پیادەکانی عەشیرەکان بەسەرۆکایەتی سەردار ڕەشید و فەرماندەی هەموو هێزە ڕەوانەکراوەکان و هاوکاری ژاندارمەکان نەواب و ئالا شازادە سوڵتان میرزا پێکهێنا,پێش ڕەوانەکردنی سوپا, بەهۆی ئەو بەیاننامانەی بەهۆی فڕۆکەوە بە ئاسماندا بلاۆکرایەوە و ماوەیەکیان بۆ تەسلیم بوون و ملکەچبوونی ئەوان دیاریکرد کە ئەگەر لەکاتی دیاریکراو,هەرکام لەوان تەسلیمی سوپاکەی سەردار بن,دەبەخشرێن و لەهەموو گوناحەکانیان خۆش دەبین.بەداخەوە لەبەرئەوەی چارەنوس بۆی دیاریکردبوون دەبێت بە سزای کردەوەکانی خۆیان بگەن, لەخۆبایبوون ڕێگەی لێگرتن و ئەو ماوەیەیان بە فشە و ئەفسانە لە قەڵەمدا.بەناچاری سوپای سەردار بەڕێکەوت و لەیەکەم هێرش , لەناویبردن و ئەنجامی خیانەتکردن لەدەوڵەت و میللەتیان بەچاوی خۆیان بینی,هەنووکە لەم نەورۆزە پیرۆزەدا , هەموو دانیشتوانی گەڕووس و کوردستان و عەشیرەکانی سەرسنووری یەکخستووە و بەم بۆنەوە ڕێوڕەسمی پیرۆزبایی کردنی ئەم سەرکەوتنە کە هۆکاری بەختەوەری و ئاسایشی هەموو دانیشتوانە,پێشکەش بە دەرباری پاشا و دەوڵەت دەکەم و لەقووڵایی دڵەوە سپاسی هەوڵ و ماندوبونەکانیان دەکەم.

ڕۆژی ١١ ی جومادی دووەم, سەردار بۆ قەلاّی حکومەتی بانگێشتکرا تا سەرقاڵی فەرمانڕەوایەتی بێت, لەگەڵ گەیشتنی بۆ ژووری چاوەڕوانی,سەوڵەت لەشکر, لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوەکانی خۆی,سەردار قۆڵبەست دەکات و چەك لە پیاوەکانی دەستێنێت.لەگەڵ ئەوەیشدا دەستەیەك ژاندارم دەنێرن و هەموو مەندەمیەکان کە تەسلیم بە موشیر دیوان کرابونەوە,دەگرن و دەیانگوازنەوە بۆ قەلاّی حکومەتی.گوڵباغیەکانیش کە بەزۆری لەناو شاردا بوون,قۆڵبەست و زیندانی دەکرێن,مەحمود خانی کانی سانان و مەحمود خانی دزڵیش بە قۆڵبەستکراوی ڕەوانەی بەغداد دەکرێن.

شەوی پێنجشەممە ٢٦ جومادی دووەم,سەردار و والی ڕەوانەی تاران کران.شەوی ٢٧ ی جومادی دووەم , من لە خۆشی ڕزگاربوونی کوردستان لەدەستی عەشیرەتە نەزانەکان و کۆتایی هاتنی یەکەم ساڵی حکومەتی شەریف ئەلدەولە.جەژنێکم بەناوی جەژنی شەریف لەماڵەکەی خۆمدا سازکرد و هەموو چینەکانی شارم بانگێشت کرد, بۆ هاتنی خودی شەریف ئەلدەولەش لەبەردەرگای ماڵەکەم تا بەردەرگای قەلاّی حکومەتی,هەردوولای کۆلاّنەکەم ڕازاندەوە, کاتی هاتنی شەریف ئەلدەولە بۆ ناو حەوشی ماڵەکەم,بەناوی دانیشتوانەوە , سپاسی هەموو زەحمەت و ماندووبونەکانی شەریف ئەلدەولەم کرد بۆ گەڕاندنەوەی نەزم و ئارامی بۆ شارەکە.لەکۆتایی وتەکانی من,مۆسیقا دەستی پێکرد,

بڕێکی زۆر بۆ ئامادەکردنی شەربەت و شیرینی خەرجکرا , دوو ڕۆژ دواتر تیرباران کردنی سەرکردەکانی مەندەمی و گوڵباغی و شێخ ئیسماعیلی دەستیپێکرد.لەماوەی دوو هەفتەدا, ئەم کەسانەی خوارەوە ئیعدام کران:

## گوڵباغی

١. ئاغا براخان, قیبلەی عاڵەم, گوڵباغی
٢. فارس خان, سەرۆکی گوڵباغیەکان
٣.میرزا عەبدولاَ,سەیف ئەلعەشایەری گوڵباغی
٤.محەمەد خان,ڕەئیسی گوڵباغی
٥.سەردار کوڕی قەیتوڵ,گوڵباغی

## مەندەمی

٦.نور محەمەد خانی ئیلخانی,مەندەمی
٧.مستەفا,کوڕی محەمەد بەگ,مەندەمی
٨.سەیدی محەمەد خانی سەرهەنگ,مەندەمی
٩.مەلەك محەمەد خان,مەندەمی
١٠.مەحمود بەگ,مەندەمی
١١.عەبدولاَ کوڕی شا محەمەد بەگی مەندەمی
١٢.فەرج خان و عەبدولاَخان,براکانی حەبیب الله خانی مەندەمی

# شێخ ئیسماعیلی

١٣.مەجیدخان و بەهرام خان,کوڕەکانی سارم لەشکر,شێخ ئیسماعیلی
١٤.مەحمود خانی سەردار ئیقبال,نەوەی محەمەد موراد خان,شێخ ئیسماعیلی
١٥.عەزیز خان,برای مەحمود خان,سەردار ئیقبال,شێخ ئیسماعیلی
١٦.مستەفا خان,برای موحەمەد مورادخانی ئیلخانی,شێخ ئیسماعیلی

سەرۆکەکانیان لەبەردەم دەروازەی حکومەتی بەخاك سپێردران و بەرد و کێل لەسەر گۆڕەکەیان دانرا,محەمەد صاڵح خانی ئەمیر ئەلعەشایەری گوڵباغی , کە پەنای بۆ من هێنابوو, لە ئیعدام ڕزگاری بوو,عەتا الله کوڕی حاجی فەتحولاّ کە لەبەردەم مزگەوتی والی, سوارە کوڕی سەید ئەحمەدی کوشتبوو,شەریف ئەلدەولە ویستی بیکوژێت, بەڵام ئەویشم ڕزگار کرد,شەوی شەممە ٣ ی مانگی ڕەمەزانی ١٣٣٨( ١٩١٩ ن), میرزا یوسفی موشیر دیوان مرد.دواتر شازادە ئەکبەر میرزا لەگەڵ سالار فاتحی حەبیبی و تفەنگچی ژاوەڕۆ,بۆ سەرکوتکردنی پاشماوەی گوڵباغیەکان

ڕاسپێردرا بەڵام لە ۲۷ ی ڕەمەزان شکستیان خوارد, سێ تۆپ و خێوەتێك و بڕێك تەقەمەنیان بەجێهێشت.

دووبارە لە سەرەتاکانی زیلقەعیدەی ۱۳۳۸( ۱۹۱۹ن), ئەکبەر میرزا لەگەڵ سەرداری ئەعزەم و ساعید ئەلمەمالیك و سالار فاتیح و حیشمەت ئەلمولك و سەنجەرخان,بۆ سەرکوتکردنی گوڵباغیەکان ڕاسپێردران و لە قەڵای ئاڵبلاّق لە نزیکی هانە گولاّن,گەمارۆیان خستە سەر گوڵباغییەکان, شەوانە دەستەیەك لە مەندەمیەکان بۆ هاوکاری گوڵباغیەکان دێن و بەکەڵك وەرگرتن لە چراو ئاگری سوپاکە,تەقەکردن دەست پێدەکەن,ئەکبەر میرزا و سالار فاتح,دووبارە هەموو کەل و پەل و تەقەمەنییەکان بەجێدێڵن و ڕێگەی هەڵاّتن دەگرنە بەر,دەمەوبەیانی ساعید ئەلمەمالیك و سەردار ئەعزەم و حیشمەت ئەلمولك ئاگادار دەبنەوە,ئەوانیش ناچار ڕێگای هەڵاّتن دەگرنە بەر.دەمەو ئاوابوونی هەتاو سوپا بە شێوەیەکی پرژوبڵاو,گەیشتنە شارەکە.

*　　　*　　　*

*　　　*

*

# سەرچاوەکان

===============

١. . عشائر العراق/٢ الكردية/ المحامي عباس العزاوي/ مطبعة المعارف/ بغداد/ عراق/ ١٩٤٧

٢. شەرەفنامە / شەرەفخانی بەدلیسی/ وەرگێڕانی بۆ کوردی هەژار/ چاپخانەی نعمان, نەجەفی پیرۆزو لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە چاپدراوە/ بەغداد / عێراق/ ١٩٧٢

٣. العشائر الكردية/ ترجمة وعلق عليه/ فؤاد حمة خورشيد/ مطبعة الحوادث/ بغداد / العراق/ ١٩٧٩

٤.فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە/ هەژار/ بەرگی یەکەم/چاپخانەی سروش/ تەهران /ئێران /١٩٩١

٥. . مێژووی کوردو کوردستان / نوسینی بە فارسی شێخ محمەدی مەردۆخی کوردستان/ وەرگێڕانی بۆ کوردی/ عەبدول کەریم محمەد سەعید/ چاپخانەی اسعد/ بغداد / عێراق/ ١٩٩١

٦. کرد وترك وعرب/ سی.جی.ادموندز/ المترجم/ جرجيس فتح الله/ مطبعة وزارة التربية / كردستان / الطبعة الثانية/ اربيل/ ١٩٩٩

٧. خۆلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان/ محمد امین زەکی/ بەرگی یەکەم ١٩٣١ و بەرگی دووەم ١٩٣٧/ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ سلێمانی / کوردستان / ١٩٩٩

٨. بیرەوەری بۆ تاریکستان/بابا عەلی ئیسماعیل بەرزنجی/ چاپخانەی بەدرخان/سلێمانی / ٢٠٠١
٩. هۆز و تیرە وتایەفەی کورد لە کوردستانی ئەردەڵان/ میرزا شکر الله سنندجی(( فخر الکتاب)) وەرگێڕان, ئامادەکردن و سەرەتا و پەراوێز بۆ نوسینی / ئەنوەری سوڵتانی/ چاپخانەی شڤان/ سلێمانی/ ٢٠٠٦
١٠. بەسەرهاتی فەرمانڕەوایانی گەڵواخیەکان/ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی خالید ئەحمەدی/ پێداچونەوە و ڕێکوپێککردنی/ حەسەن گۆران/ چاپی یەکەم / ٢٠٠٦/ سنە / ئێران
١١. ڕشتەی مرواری( بەرگی ١–٨/ مامۆستا عەلاددینی سەجادی/ زستانی ٢٠١٠/سلێمانی / بەرگی یەکەم
١٢. ئینسایکلۆپیدیای گشتی/ بەرگی سێیەم/ چاپی دووەم/ یاسین صابر صالح/ لە بلاْوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ سلێمانی / ٢٠١١
١٣. مێژووی مەردۆخ / مێژووی کورد و کوردستان / شێخ محمەد مەردۆخی کوردستانی / ئایەتولاْ مەردۆخ / وەرگێڕانی لە فارسیەوە / زانەر محەمەد / چاپخانەی ڕۆژهەلاْت / چاپی یەکەم / هەولێر/ ٢٠١١

* * *

* *

*

# نوسەر لەچەند دێڕێکدا

================

## نەوزاد عوسمان عبدالرحمن

## ناسراو بە ( نەوزادی موهەندیس )

- لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچنار لە سلێمانی
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن و ناوەندی و دواناوەندی لەشاری سلێمانی و زانکۆی لەشاری بەغداد تەواوکردوە
- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕلە نەوت و پترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١
- ئەندامی یەکێتی ئەندازیارانی کوروستانە بەپلەی ڕاوێژکار
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردوستانە بەپلەی بەشدار
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ٢٠٠٢وە
- بەڕێوەبەری کارگەی بڕینی بەردی مەڕمەڕی ماوەتە سەر بە وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان

- لەکتێبە بڵاوکراوەکانی نوسەر:-

١. ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی ٢٠٠٦
٢. کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی ٢٠٠٦
٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی ٢٠٠٧
٤. بیرۆدۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی ٢٠٠٧
٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگای کوردەواری ساڵی ٢٠٠٨
٦.کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان . ساڵی ٢٠٠٨

- خاوەنی دەیان بابەتی ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە ) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردوستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا . لەساڵی ١٩٩٦وە.

* * *

* *

*